تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە


ژمارە (5821) چوارشەممە 4ی ئەیلوول 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

چەندین سێکتەری جودا لەخۆدەگرێت

حکوومەت سەرقاڵی ئامادەکردنی چەندین پڕۆژەیاسای گرنگە

لەپاڵ پڕۆژەیاسای چاکسازی، کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوئاهەنگی و هاوکاریی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەی تایبەتی بۆ پێکهێناوە و وا بڕیارە بەم نزیکانە بۆ پەسەندکردنی ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان بکرێت ، حکوومەت چەندین پڕۆژەیاسای دیکەی گرنگ ، پەیوەست بە ژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان ئامادە دەکات، کە سێکتەرەکانی ڕێکخستنەوەی ئیداری و ڕاژە و میلاکی فەرمانبەران و کێشەی بندیوار و خانەنشینی و بیمەی تەندروستی و پاراستنی خۆراک و سیستەمی بانکی و هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان دەگرێتەوە.

زیاتر لەلاپەڕە دوو بخوێنەوە



مەسرور بارزانی: ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی سەرهەڵدانی داعش هێشتا ماون

دوێنێ سێشەممە 2019/9/3 مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیکرد لە شاندێکی باڵای سەربازی ئەمەریکی بە سەرۆکایەتی جەنەراڵ لا کامرا، فەرماندەی هێزی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا.
لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەبارەی دۆخی ئاسایشی عێراق و ناوچەکە کرا و جەنەرال لاکامرا ئاماژەی بە گرنگی هەماهەنگی نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان کرد لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی جموجۆڵی شانەکانی داعش کە ئێستا لە زۆر ناوچەی عێراقدا هەڕەشەی جیددین بۆ سەر ناوچەکە و ڕێگرن لە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنەکانیان.

عیرفان کەرکووکی بۆ خەبات: لەسەر پرسی کەرکووک دوو لێژنە لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە



3

محەمەدی حاجی مەحمود: پێم وایە هەموو حزبەکان لەگەڵ دامەزراندنی ئەنجوومەنێکن بۆ هەرێمی کوردستان

ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کەرکووک- گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کە چەند پرسێکی گرنگ هەیە لەبارەی کەرکوک دەبێ لە نێوان هەولێر و بەغدا ڕێککەوتن و لێکگەیشتنیان لەسەر بکرێت.

د. عیرفان کەرکووکی، بە خەباتی ڕاگەیاند: لەسەر پرسی کەرکووک دوو لێژنە لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە لێژنەی یەکەم لە ئاستی هەردوو حکوومەتی هەرێم و بەغدایە و لێژنەی دووەم لە ئاستی ئەنجومەنی پارێزگا و لایەنە سیاسییەکانە، و هەردوو لێژنەکە لەکاردان و گفتوگۆ دەکەن لەسەر پرسی کەرکووک، هەرچەندە باس لە بەرەوپێشچوونی هەنگاوەکان دەکرێت، بەڵام شتی فەرمی لەو بارەوە نییە. ئەو بەرپرسەی پارتی ڕاشیگەیاند: پرسی کەرکووک پێویستی بە ڕێککەوتن و لێگەیشتنی نێوان هەولێر و بەغدا هەیە بۆ ئەمەش پێویستیمان بە کات هەیە.

لەبارەی ڕەوشی کەرکوک و مەترسیی هێنانی تورکمانی شیعە لە تەلەعفەرەوە بۆ قەزای خورماتوو کە چەند ڕۆژێکە باسی لەبارەوە دەکرێت، د.عیرفان کەرکووکی گوتی: هەموو ئەگەرێک لە ئارا دایە، چونکە ئەو ناوچەیە لە هەبوونی داعش و حەشدی شەعبیدا دەکولێت و لە ناوچەکانی کفری، کولەجۆ، جەلەولا، داقووق و دووز خەڵک مالەکانیان چۆڵ دەکەن و داعش سەری هەڵداوەتەوە و مەترسیشی لەسەر کورد هەیە.

شاندێکی پەرلەمانی کوردستان بەرەو بەغدا بەرێکەوت

سەرۆکی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و ڕەوەندی کوردی لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای دەکات، شاندەکەی پەرلەمان کە سەردانی بەغدا دەکات لەلایەن هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکایەتیی دەکرێت و جیا لە بەشداری لە کۆنفرانسێک، سەردانەکە پەیوەندیی بە دەرچواندنی هەندێ یاساشەوە هەیە. ڕێبوار بابکەیی، سەرۆکی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و ڕەوەندی کوردی لە پەرلەمانی کوردستان، لەمبارەوە بە خەباتی ڕاگەیاند: "شاندەکەی پەرلەمانی کوردستان، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان سەرپەرەشتیی دەکات و دەستەی سەرۆکایەتیی لێژنەی یاساییش لەگەڵ شاندەکەن.

زیاتر لەلاپەڕە دوو بخوێنەوە



3

ڕێبوار تاڵەبانی: شتێک بە ناوی یاسا لە کەرکووک نییەو هەر هەنگاوێکیش بنرێت لە ڕووی یاسایی و ئیدارییەوە نادەستوورییە



6

پارێزگاری هەولێر: ڕەوشێکی دڵخۆشکەر لە بووژانەوەی قەڵای هەولێر بەڕێوە دەچێت

4

کۆچەر بیرکار بە بیرمەندی یەکەمی جیهان هەڵبژێردرا



بەهۆی کەڵەکەبوونی پاشماوەی گەشتیاران لە سەیرانگەی گەلی زورەگقان خەڵکی ناوچەکە هەراسان بووە


14



باخدارەکان گلەییان لە بێ بازاڕی هەنجیر هەیە

7

مەسرور بارزانی: ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی سەرهەڵدانی داعش هێشتا ماون



دوێنێ سێشەممە2019/9/3 مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیکرد لە شاندێکی باڵای سەربازی ئەمەریکی بە سەرۆکایەتی جەنەراڵ لا کامرا، فەرماندەی هێزی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا.

لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەبارەی دۆخی ئاسایشی عێراق و ناوچەکە کرا و جەنەرال لاکامرا ئاماژەی بە گرنگی هەماهەنگی نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان کرد لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی جموجۆلی شانەکانی داعش کە ئێستا لە زۆر ناوچەی عێراقدا هەڕەشەی جیددین بۆ سەر ناوچەکە و ڕێگرن لە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنەکانیان.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی هاوکارییەکانی هاوپەیمانان و بەتایبەتیش ئەمەریکای کرد لە شەڕی دژبە داعش.

ڕوونیشکردەوە کە ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی سەرهەڵدانی داعش هێشتا هەر ماون بۆیەش دەبینین لە زۆر ناوچەدا داعش دەستی بە کاری تیرۆریستی کردووەتەوە و بووەتە هەڕەشەی جیددی بۆ سەر خەڵکی ئەو ناوچانە.

سەرۆکی حکوومەت گوتیشی سەقامگیربوونی ئاسایش لە عێراق کاریگەریی ئەرێنی دەبێت بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە بە گشتی.

فازڵ میرانی پێشوازی لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو سەعید یەحیا خەتات دەکات




دوێنێ سێشەممە لە بارەگای مەکتەبی سیاسی، فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پێشوازی لە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو سەعید یەحیا خەتات نووسەرو ڕۆژنامەنووسی کوردپەروەرو ئەندامی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن کرد.

لە دانیشتنەکەدا دوای بەخێرهێنانیان سکرتێری مەکتەبی سیاسی باسی لە کەسایەتی خوالێخۆشبوو سەعید یەحیا کردو ڕوڵی لە نووسین و کاری ڕۆژنامەگەری بەرز نرخاندو ئاماژەی بەوەدا کە کارو چالاکییەکانی لە بواری ڕۆشنبیری دیارو بەرچاوە.

هەروەها فازڵ میرانی بە سەرنجەوە گوێی لە قسەو ئاخاوتنەکانی بنەماڵەی بەڕێزیان گرت و لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی بنەماڵەکەیان بوو. لەلای خۆیەوە خانەوادەی سەعید یەحیا خەتات سوپاسی بەڕێز فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسییان کرد بۆ ئەم پێشوازی و ڕێزلێنانەو دواتر تابلۆیەکی کاری دەستی خوالێخۆش بوو پێشکەشی سکرتێری مەکتەبی سیاسی کرا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە سکرتێری گشتی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان دەکات

محەمەدی حاجی مەحمود: خەڵکی کوردستان ئومێدی بە کابینەی نوێی حکوومەت هەیە



دوێنێ سێشەممە2019/9/3 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری گشتی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان کرد.

سکرتێری گشتی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بەوە کرد کە خەڵکی کوردستان ئومێدی بە کابینەی نوێی حکوومەت هەیە و گوتیشی پشتیوانیی هەنگاوەکانی حکومەت دەکەین بۆ گەشەپێدانی ئابووری هەرێمی کوردستان.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە حکوومەت بە بێ جیاوازی خزمەتی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان بکات. لە هەمانکاتدا هاوواڵتیانیش داوایان لێکرد هاوکاری حکوومەت بن بۆ ئەوەی بە سەرۆکایەتی جەنەرال لا کامرا، فەرماندەی هێزی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا.

لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەبارەی دۆخی ئاسایشی عێراق و ناوچەکە کرا و جەنەرال لاکامرا ئاماژەی بە گرنگی هەماهەنگی نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان کرد لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی جموجۆلی شانەکانی داعش کە ئێستا لە زۆر ناوچەی عێراقدا هەڕەشەی جیددین بۆ سەر ناوچەکە و ڕێگرن لە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنەکانیان.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی هاوکارییەکانی هاوپەیمانان و بەتایبەتیش ئەمەریکای کرد لە شەڕی دژبە داعش.

ڕوونیشکردەوە کە ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی سەرهەڵدانی داعش هێشتا هەر ماون بۆیەش دەبینین لە زۆر ناوچەدا داعش دەستی بە کاری تیرۆریستی کردووەتەوە و بووەتە هەڕەشەی جیددی بۆ سەر خەڵکی ئەو ناوچانە.

سەرۆکی حکوومەت گوتیشی سەقامگیربوونی ئاسایش لە عێراق کاریگەریی ئەرێنی دەبێت بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە بە گشتی.



شاندێکی پەرلەمانی کوردستان بەرەو بەغدا بەرێکەوت

سەرۆکی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و ڕەوەندی کوردی لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای دەکات، شاندەکەی پەرلەمان کە سەردانی بەغدا دەکات لەلایەن هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان سەرپەرشتیی دەکات و دەستەی سەرۆکایەتیی لێژنەی یاساییش لەگەڵ شاندەکەن.

ئەو پەرلەمانتارە گوتیشی: شاندەکە لە هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان، بژار خالید، سەرۆکی لێژنەی یاسایی، جەلال محەمەدئەمین بڕیارەدری لێژنەی یاسایی و ڕۆژان محەمەد ئەندامی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و ڕەوەندی کوردی لە پەرلەمانی کوردستان، لەمبارەوە بە خەباتی ڕاگەیاند: "شاندەکەی پەرلەمانی کوردستان، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان بژار خالید، سەرۆکی لێژنەی یاسایی، جەلال محەمەدئەمین بڕیارەدری لێژنەی یاسایی و ڕۆژان محەمەد ئەندامی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و ڕەوەندی کوردی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ بەغدا، جیا لەوەی بەشداری لە کۆنفرانسێکدا دەکەن، پەیوەندیی بە هەندێک بابەتی دارایی و دەرچواندنی یاساوە هەیە.

بەپێ زانیارییەکان، شاندەکە لەسەر بانگهێشتی فەرمیی محەمەد حەلبوسی، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بۆ بەشداریکردن لە کۆڕبەندی سالانەی یەکێتی پەرلەمانتارانی ڕۆژئاوای ئاسیا، سەردانی بەغدا دەکات.

خستەڕوو: سەردانی شاندەکەی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەغدا، جیا لەوەی بەشداری لە کۆنفرانسێکدا دەکەن، پەیوەندیی بە هەندێک بابەتی دارایی و دەرچواندنی یاساوە هەیە.

چەندین سێکتەری جودا لەخۆدەگرێت

حکوومەت سەرقاڵی ئامادەکردنی چەندین پڕۆژەیاسای گرنگە



لەپاڵ پڕۆژەیاسای چاکسازی، کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوئاهەنگی و هاوکاریی پەرلەمانی کوردستان، لێژنەی تایبەتی بۆ پێکهێناوە و وا بڕیارە بەم نزیکانە بۆ پەسەندکردنی ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان بکرێت ، حکوومەت چەندین پڕۆژەیاسای دیکەی گرنگ ، پەیوەست بە ژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان ئامادە دەکات، کە سێکتەرەکانی ڕێکخستنەوەی ئیداری و ڕاژە و میلاکی فەرمانبەران و کێشەی بندیوار و خانەنشینی و بیمەی تەندروستی و پاراستنی خۆراک و سیستەمی بانکی و هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان دەگرێتەوە.

سەرچاوەیەکی بەرپرس لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەخەباتی ڕاگەیاند، لەپاڵ پڕۆژەی چاکسازی کە بە هاوئاهەنگی و هاوکاریی پەرلەمان، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لێژنەی تایبەتی بۆ پێکهێناوە، چەندین پڕۆژەیاسای گرنگی دیکەش، کە هەموویان پەیوەستن بە ژیانی خەڵکەوە، لە بەرنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندان کە ئامادەیان بکات و پێش هەر پڕۆژەیاسایەکی دیکە پێشکەش بە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستانیان بکات.

سەرچاوەکە ئاشکراشی کرد، ئەولەویەتی ئەو پڕۆژانە بە چاکسازی دەدرێ لە بواری کارگێڕی و دارایی و ڕێکخستنەوەی ڕاژە و میلاکات و نەهێشتنی کێشەی موچەخۆرانی بندیوار و خانەنشینی نایاسایی و ڕێکخستنەوەی ئەو ئیمتیازانەی کە بە فەرمانبەرانی پلە باڵا و تایبەت دەدرێت، وەکوو دەرمانە و خانوو ئۆتۆمبێل و ئیفاد و خەرجییەکانیان.

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەش دا، حکوومەت پڕۆژەیاسای دیکەشی بۆ دامەزراندنی دامەزراوەی دەرمان و خۆراک لەبەردەستدایە، کە دامەزراوەکە ڕاستەخۆ سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت، هەروەها هەردوو پڕۆژەیاسای بیمەی تەندروستی و مافەکانی نەخۆشیش ئامادە دەکرێن و دەدرێن بە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، بۆ پەسەندکردن و بە یاساییکردنی ئەو بوارانە کە لە ڕێگەی ئەو پڕۆژانەوە حکوومەت زیاتر دەستکراوە دەبێت، بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر لە کەرتی تەندروستی و پاراستنی ئاسایشی خۆراک لە هەرێمی کوردستان.

ئەو سەرچاوەیە ئەوەشی خستە ڕوو، جگە لەو پڕۆژانە، کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێ لە ڕێگەی پڕۆژەیاسایەکی تایبەتەوە کاروبار و سیستەمی بانکی بەتەواوی ڕێک بخاتەوە، بە جۆرێک کە متمانەی خەڵک بۆ بانکەکان بگەڕێنێتەوە و کارئاسانیی زۆر بۆ جوولەپێکردنی سەرمایە و دراو لە هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکات.

سەرچاوەکە ئاشکراشی کرد، هەر لە بواری چاکسازیدا، حکوومەت پڕۆژەی بۆ هەمواکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان ئامادە کردووە، کە لە ڕابردوودا ڕەخنە و گلەیی زۆری هاووڵاتیان و هاوبەشەکانی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوونی کەوتووەتە سەر.

هەوڵەکانی دروستکردنی هەرێمی بەسرە دەست پێ دەکەنەوە

هەوڵەکان بۆ دروستکردنی هەرێمی بەسرە لە باشووری عێراق، دەست پێ دەکەنەوە. دوێنێ سێشەممە کەریم شەواک، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای بەسرە داوای لە سەرۆکی ئەنجوومەنەکەی کرد، سکاڵای یاسایی لە دژی حکوومەتی عێراق بە سەرۆکایەتیی عادل عەبدولمەهدی، تۆمار بکات. کەریم شەواک ڕایگەیاندووە، بەهۆی ئەوەی حکوومەتی عێراق بڕیاری بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی لەبژاردنەکان بۆ ئامادەکاریی بۆ ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی ڕاپرسییەک لە پارێزگاکە، دەرنەکردووە، پێویستە لە دادگای باڵای فیدراڵی سکاڵای لەسەر تۆمار بکرێ.

بەپێی مادەی 119ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، هەموو پارێزگاکانی عێراق مافی داواکردنی بوون بە هەرێمیان هەیە، بەو مەرجەی یەک لە دوای دەنگدەرانی پارێزگاکە یان یەک لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا، داوای بوون بە هەرێم بکەن. پێشتر ئەنجوومەنی پارێزگای بەسرە بە زۆرینەی دەنگ، بڕیاری بە هەرێمبوونی پارێزگاکەی داوە و بڕیارەکەش نێردراوەتە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، بەڵام حکوومەتی عێراق بڕیاری بۆ کۆمسیۆن دەرنەکردووە. پارێزگای بەسرە، کە کەوتووەتە باشووری عێراق و بە شادەماری ئابووریی ئەو وڵاتە دادەندرێ، لەلایەن حکوومەتی ئەو وڵاتەوە بە تەواوی پشتگوێ خراوە و دانیشتوانەکەی تەنانەت لە ئاوی خواردنەوە بێ بەشن، بۆیە چەند ساڵێکە هەوڵی ڕاگەیاندنی هەرێمی بەسرە دەدەن.

yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
چوارشەممە 2019/9/4 ژمارە (5821)
www.xebat.net
خەبات

محەمەدی حاجی مەحمود: پێم وایە هەموو حزبەکان لەگەڵ دامەزراندنی ئەنجوومەنێکن بۆ هەرێمی کوردستان

پێم وانییە کاک مەسعود پێویستی بە پۆست هەبێت چونکە خۆی کەسایەتیەکی دیار و ناسراوە

محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری گشتیی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان لە وتوێژێکدا لەگەڵ بەشی کوردیی دەنگی ئەمەریکا، بە پێویستی دەزانێ ئەنجوومەنێکی راوێژکاریی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دابمەزرێ، کە هەموو حزبەکانی کوردستان، لەخۆ بگرێت. ئەو سیاسەتمەدارە کوردە هۆکاری دامەزراندنی ئەو ئەنجوومەنەی بۆ بەشداریکردنی هەموو حزبەکان لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیی هەرێمی کوردستان گەڕاندۆتەوە، چونکە چەندین حزب هەن نە بەشداری پەرلەمانن و نە حکوومەت.



زۆرێک لە حزبەکان چوار ساڵە پێکەوە کۆنەبوونەتەوە

لەسەرەتای وتوێژەکەدا محەمەدی حاجی مەحمود لەبارەی دامەزراندنی مەرجەع یا ئەنجوومەنێک بۆ هەرێمی کوردستان کە لە ئێستادا باسی لێوە دەکرێت، دەڵێت: ڕاستە لە کوردستان سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان هەیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک لە حزبەکان لە حکوومەتدا نین و کۆمەڵێکی تریشیان لە هیچیاندا نین، ئێستا زۆرێک لە حزبەکان چوار ساڵە پێکەوە کۆنەبوونەتەوە لەکاتێکدا هەموویان ئامانجیان یەکە و بۆ کورد و دەزگا شەرعییەکان کاردەکەن، بۆیە ئەمە شتێکی پێویستە تاکو کۆیان بکاتەوە، ئەمە ئەنجوومەنێکە ڕاوێژکارییە، سیاسیە هەر ناوێکی هەبێت ئەم حزبانە ماوە ماوە کۆبکاتەوە بۆ تاوتوێ کردنی کێشەکان کە ئێستا کێشەی ئەمەریکا و ئێران لەناوچەکەدا هەیە کە کورد لەناوچەکەدا زیانمەند دەبێت، دەبێت کورد کۆببێتەوە و بزانێت چی بکات؟ خۆ ئەمە شتێکی تازە نییە، بۆ نمونە لە ئەمەریکا ئەنجوومەنی پیران هەیە، لە بەریتانیا لۆردات هەیە، لە وڵاتانی عەرەبی "ئەعیان" هەیە، خۆ ئەگەر لەکوردستانیشدا شتێکی وا هەبێت کە بتوانێت ڕاوێژکاری لەنێوان حزبەکاندا هەبێت و نەخشەیەک دابنێن کە بیخەنە بەردەم پەرلەمان و حکوومەت ڕەنگە ئەوکات پەرلەمانی کوردستان بتوانێت بە بڕیارێک چوارچێوەیەک بۆ ئەو ئەنجوومەنە دابنێت.

کەس دژی دامەزراندنی ئەو ئەنجوومەنە نەبووە

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی پێتان وایە هەموو حزبەکان ڕازی دەبن بە دامەزراندنی ئەو ئەنجوومەنە، محەمەدی حاجی مەحمود ڕایگەیاندووە: من پێم وایە هەموو حزبەکان پێیان باشە و کەس دژی نەبووە، بۆ دامەزراندنی ئەو ئەنجوومەنە من یەکەمجار لەگەڵ بەڕێز کاک کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی دانیشتم و ئەو بابەتەم پێشنیار کرد ئەوانیش پێشوازییان لێکرد و وتیان شتێکی باشە. کاکە حەمە ڕاشیگەیاندووە: پێویستە سەرەتا یەکێتی و پارتی کۆببنەوە و لەسەری ڕێکبکەون پاشان لەگەڵ حزبەکانی تر دابنیشن کە کەسی یەکەمی حزبەکان یا دووەم بێنە ئەندامی ئەو ئەنجوومەنە، وە ئەم ئەنجوومەنە پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتەکان نەبێت بەڵکو پەیوەندی لەگەڵ حزبەکان هەبێت لەدنیادا. سەبارەت بەناوی ئەنجوومەنەکەش، محەمەدی حاجی مەحمود دەڵێت: من پێم باشە ناوی ئەو ئەنجوومەنە سیاسی بێت، بەڵام ئەو ڕۆژەی کە لەگەڵ کاک کۆسرەت کۆبوومەوە کۆمەڵێک لەبرادەرانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ئاماژەیان بەناوی ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری کرد، بۆیە من ناوەکەم زۆر پێ گرنگ نییە بەڵکو ئامێرەکە گرنگە کەهەمووی کۆبکاتەوە. سەبارەت بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنەکە؟ محەمەدی حاجی مەحمود دەڵێت: دوو حاڵەت هەیە، حاڵەتێکیان ئەوەیە کە بەپێی دەوری بێت ئەگەر ئەوەش نەبێت دەتوانرێت بەپێی حزبەکان کە ئێستا ژمارەی حزبەکان دیارە لەکوردستان، دەتوانرێت ڕێکبکەون کە بەپێی پێگەو ڕێژەی دەنگەکانی حزبەکان بێت یاخود کەسایەتیان بێت کە کام کەسایەتی دەبێتە سەرۆکی ئەو دەزگایە. محەمەدی حاجی مەحمود ڕاشیگەیاندووە: من پێم وایە بەحوکمی ئەو دۆخی ئێستا هەیە لەناوچەکە "کاک مەسعود بارزانی" دەتوانێت لەقۆناغی یەکەمدا سەرۆکایەتی ئەو ئەنجوومەنە بکات، من واقیعبینانە بیردەکەمەوە نەوەک حزبی، نە بەڕقی شەخسی بیردەکەمەوە، کوردستان ئێستا بەدۆخێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت، کێشەمان لەگەڵ عیراق و وڵاتانی هەرێمی هەیەو شۆێنەواری شەڕی داعش و قەیرانی ئابووریشمان هەیە، جۆرەها کێشەی تریش، جا بۆیە ئەگەر ئەو ئەنجوومەنە بتوانێت ئەو حزبانە هەمووی کۆبکاتەوە ئەوا زۆرباشە، خاڵی دووەم، پێم وانییە کاک مەسعود پێویستی بە پۆست هەبێت خۆ کاک مەسعود ئێستا سەرۆکی هەرێم نییە پادشای هۆڵەندی و وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا هاتن، هەموویان ئەویشیان بینی بەبێ ئەو نەیانتوانی بگەڕێنەوە لەکوردستان، واتە بڕواناکەم ئێستا ئەو "مەسعود بارزانی" پێویستی بەوەبێت کەسەرۆکی ئەو ئەنجوومەنە بێت بەڵام کورد ئێستا خۆی پێویستی بە چییە و بە کێیە بۆ سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنە؟ من پێم وایە ئەوکات حزبەکان دەبێت خۆیان پێشنیار بکەن داوا لە کاک مەسعود بکەن بۆ سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنە. من پێم وایە ئێستا زۆر پێویستە سەرۆکایەتی کاک مەسعود بۆ ئەو ئەنجوومەنە، چونکە بە حوکمی کەسایەتی و پێگەی حزبەکەی کە ئێستا گەورەترین حزبی کوردستانە و نیوەی زیاتری هەموو حزبەکانی تری هەیە و خۆشی کەسایەتیەکی دیار و ناسراوە.

محەمەدی حاجی مەحمود دەشڵێت: کاتێک من دەستپێشخەریم کرد ئەوان وتیان ئێمە خۆمان لەسەرکردایەتی ئەو بابەتە تاوتوێ دەکەین بەڵام لەگەڵی بوون، هەروەها بزووتنەوەی گۆڕان خۆیان پێش ماوەیەک داوایان کرد کە دەڵێن با کۆبوونەوەی هەموو حزبەکان بکرێت، کۆبوونەوەی حزبەکانیش دەبێت لە چوارچێوەیەکدا بێت کە ئەو چوارچێوەیەش ئەنجوومەنەکەیە، بۆیە بەبۆچوونی من نەک دەبێت ئەو حزبانە ڕازی بن بەسەرۆکایەتی کردنی کاک مەسعود لەو ئەنجوومەنە، بەڵکو دەبێت تەکلیفی لێ بکەن، من کاک مەسعودیشم نەبینیوە تابزانم ڕازی دەبێت یا نا بەسەرۆکایەتی کردنی ئەو ئەنجوومەنە، بەڵام ئەوکاتەی حزبەکان ڕێککەوتن کە داوایان لێکرد ئەوکات دەردەکەوێت ڕازی دەبێت یاخود نا کەسەرۆکایەتی ئەو ئەنجوومەنە بکات.

ڕێبوار تاڵەبانی: شتێک بە ناوی یاسا لە کەرکووک نییەو هەر هەنگاوێکیش بنرێت لە ڕووی یاسایی و ئیداریەوە نادەستووریە



جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازیی لە مامۆستا مەزهەری خالقی کرد

دووێنێ سێشەممە 3ی ئەیلوولی 2019 هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازیی لە هونەرمەندی گەورەی کورد مامۆستا مەزهەری خالقی سەرۆکی ئینستیوتی کەلەپووری کورد و ڕەفیق سالح سەرۆکی بنکەی ژین کردو لەدیدارێکدا کە هەریەک لە لوقمان وەردی سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری و پێشەوا تاهیر ئەندامی لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاوێژکاری لیژنەکە ئامادەبیوون، بەگرنگییەوە باسی لە ڕۆلی هەردوو دەزگاکە لە خزمەتکردن بە کولتوور و کەلەپوور و فەرهەنگ و وشەی کوردی کرد و ڕایگەیاند: دەزگاکانتان دوو دەزگای نیشتیمانی و نەتەوەیین و کاریگەریی گەورەیان هەبووە لەسەر پرۆسەی ئەرشیفکردنی هونەری ڕەسەنی کوردی و نەتەوەییدا و پشتیوانیی تەواوی پەرلەمانیشی لەچوارچێوەی یاسا بۆ دەرکردنی هەر یاسایەکی تایبەت بەو داموودەزگایانەی کە خزمەت بە نەتەوەی کورد و کوردستانیان دەکەن دەربڕی.



وەزیری ناوخۆ لەگەڵ بەرپرسی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا کۆ بووەوە



دووێنێ سێشەممە ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت پێشوازیی لە جەنەرال پۆل لاکامیرا بەرپرسی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا و شاندێکی یاوەری کرد. سەرەتای دانیشتنەکە، ڕەوشی ئەمنی و سیاسی لە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی تاوتوێ کرا و، پەرەسەندن و دوا پێشهاتە سیاسی و سەربازییەکان لە ناوچەکە و تیرۆریستان بەرز نرخاند و هیواشی خواست هەماهەنگیی سەربازی لەنێوان هاوپەیمانان و سوپای عێراق و پێشمەرگە بەردەوام بێت و زیاتریش کارا بکرێ بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان و لەناوبردنی یەکجارەکی هەڕەشەکانی تیرۆریستان و ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانەوەیان. دواتر بەڕێز وەزیری ناوخۆ سوپاسی هێزەکانی هاوپەیمانانی کرد بۆ ئەو هاوکاری و پشتیوانییەی لە ماوەی ڕابردوودا پێشکەش بە هێزی پێشمەرگەیان کردووە لە شەڕی تیرۆریستانی داعش بە مەشق و ڕاهێنان و پێدانی چەک و پێداویستی جەنگ، هیواشی خواست ئەم هەماهەنگی و هاوکارییانە بەردەوامبن و زیاتریش پەرەیان پێ بدرێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی تیرۆریستان.

سەرهەڵدانەوەی داعش لە ناوچە جێناکۆکەکان و هەماهەنگی نێوان هەرێمی کوردستان و هاوپەیمانان گفتوگۆیان لەسەر کرا.

بەرپرسی بەرپرسی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا هەماهەنگی و هاوکارییە بەردەوامەکانی نێوان هاوپەیمانان و هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لە ماوەی ڕابردوودا لەسەرجەم ئۆپەڕاسیۆنەکانی دژ بە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایدەگەیەنێت، دوای 16ی ئۆکتۆبەر، لە کەرکووک شتێک بە ناوی یاساوە نییە، هەر هەنگاوێکیش بنرێت، نادەستوورییە. دەشڵێت، بارودۆخی کەرکووک بەم شێوەیەی ئێستا لە بەرژەوەندیی کوتلە بەهێزەکانی پەرلەمان و حکوومەتە. کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ هەفتەی داهاتوو دواخرا، سەبارەت بە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاش، ڕێبوار تاڵەبانی، لە لێدوانێکدا بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دوای 16ی ئۆکتۆبەر، شتێک نییە ناوی یاسا بێت لە پارێزگای کەرکووک، هەر هەنگاوێکیش بنرێت، لە ڕووی یاسایی و ئیداریەوە نادەستوورییە، چونکە سەرپێچیی دەستوور و پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکە. هەروەها پێوەست بە دواقۆناغەکانی ئاساییکردنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، ڕێبوار تاڵەبانی ڕایگەیاندووە: کۆبوونەوەی ئەنجوومەن ماوەتەوە سەر بارودۆخی کەرکووک، ئێمە لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە گوتوومانە بارودۆخی کەرکووک نادەستوورییە، هەر بۆیە داوامان لە حکوومەتی ناوەند کردووە، ئەو بارودۆخە ئاسایی بکاتەوە.

ناوبراو نایشارێتەوە، کە تاوەکو ئەمڕۆ هەنگاوی جیددی نەنراوە لە لایەن حکوومەتی ناوەند و پەرلەمانی عێراق، وەک خۆی دەڵێت، بارودۆخەکە بەم شێوەیە لە بەرژەوەندیی کوتلە بەهێزەکانی پەرلەمان و حکوومەتە، چونکە بەم شێوەیە ئیدارەکە ناتوانێت هیچ بڕیارێک بدات.



کەرکووک دەڵێت: ئازادیی سیاسی بۆ هەموو تاکێکی عێراقە، ڕێگاشی بە هەموو کەسێک داوە بە ئازادی ڕای خۆی دەربڕێ، لەسەر هەر بابەتێک کە بیەوێت، ئەگەر بڕیارێکی لەم جۆرەش هەبێت، نەک هەر نایاسایی نییە، بەڵکو نادەستوورییشە، ئەگەر بڕیارێکی لەو جۆرەش بدرێت، ئێمە دژی ئەو بڕیارە دەوەستینەوە. جێی باسە لە 25ی ئەیلوولی ساڵی 2017 ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەڕێوەچوو، لە دەنگدانەکەشدا نزیکە لە سەدا 93ی هاوواڵتیان بە بەڵێ دەنگیان بە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دا.

بارودۆخی کەرکووک بەم شێوەیەی ئێستا لە بەرژەوەندیی کوتلە بەهێزەکانی پەرلەمان و حکوومەتە

وتارو ڕاپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com

چوار شەممە 2019/9/4 ژمارە (5821) | www.xebat.net | خەبات

کۆچەر بیرکار

بە بیرمەندی یەکەمی جیهان هەڵبژێردرا



خەبات/ هەمزە سەرحان : کۆچەر بیرکار، زانای کورد لە بواری بیرکاری، لەلایەن گۆڤارێکی بەریتانیەوە، بە یەکەم بیرمەندی جیهان دەستنیشان کرا. گۆڤاری پرۆسپێکت، سالانە لەسەر بنەمای داهێنان و دۆزینەوەکان، 50 بیرمەند دەستنیشان دەکات، بۆ ئەمسالیش گۆڤارەکە، کۆچەر بیرکاری لە ریزبەندی یەکەمی ئەو 50 بیرمەندە کاریگەرەی جیهان داناوە.گۆڤارەکە لە باسی دەستنیشانکردنی بیرکاردا نووسیویەتی: لە نێو ئەو 50 بیرمەندەی گۆڤارەکە دەستنیشانیکردبوون، دەیان هەزار کەس دەنگیان بە کۆچەر بیرکار داوە بۆ ئەوەی وەکو یەکەم بیرمەندی جیهان دەستنیشان بکرێت. کۆچەر بیرکار، لە ساڵی2018 بەرزترین خەڵاتی لە بواری بیرکاریدا پێ بەخشرا، کە خەڵاتی فیلدزە، دواتریش بانگهێشتی هەریمی کوردستان کرا و لەلایەن زانکۆی سەڵاحەددینەوە دکتۆرای فەخری پێ بەخشرا.

بیرکار، تەمەن 40 ساڵ، خەڵکی شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە ساڵی 2000 وەک پەنابەرێک ڕووی کردووەتە وڵاتی بەریتانیا، جیا لە وەرگرتنی خەڵاتی فیلدز لە بواری بیرکاری، کە بەرزترین خەڵاتی بواڕەکەیە، چەندین خەڵاتی دیکەی بەدەستهێناوە.

لە ئێران لاوێکی کورد بە هۆی پشتگیری لە ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان حوکمی بەندکرانی بەسەردا سەپێندرا



هاوواڵاتیەکی خەڵکی شاری دیلۆڕان سەر بە پارێزگای ئیلام بە تۆمەتی پشتگیری لە هەرێمی کوردستان، حوکمی بەندکرانی بەسەردا سەپێندرا. ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاوی کردەوە کە لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوو دادگای شۆڕشی ئیلام لاوێکی خەڵکی شاری دیلۆڕانی بە ناوی "یونس باسرە "کوردی لازم بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئاسایشی وڵات لە ڕێگەی پشتگیری کردن لە گشتپرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، بە یەک ساڵ بەندکران حوکم دا. سەرچاوەیەکی نزیک لە بنەماڵەی ناوبراو، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵە بە هەواڵنێری هەنگاوی ڕاگەیاندووە کە یونس کاتژمێر 9ی بەیانی ڕۆژی دووشەمە 2019/9/2 بە مەبەستی تێپەڕاندنی ماوەی حوکمەکەی، خۆی بە بەندیخانەی ناوەندیی شاری ئیلام ناساندووە.یونس باسرە پێشتریش و لە خۆپیشاندانەکانی بەفراناباری دو ساڵ لەوە پێش، ماوەی20 ڕۆژ لەلایەن ناوبراو ئەمنیەتیەکانی ئێران لە دیلۆڕان دەستبەسەر کراو دواتر بە دانانی بارمتەی 300 ملۆێن تمەنی ئازاد کرا.ئەو لاوە دیلۆڕانییە مانگی ڕەبەندانی دوو ساڵ پێشیش هەر بەو تۆمەتە لەلایەن دادگای شۆڕشی دیلوڕانەوە حوکمی شۆردنی قەوری کوژراوەکانی شەڕی ئێران و عێراق و بەشداری زۆرەملێ لە نزیۆی هەیەنی بە سەردا سەربە سوپای قودس و ئیتلاعات و خاوێن کردنەوەی گۆڕەکانیان و وەرگرتنی تەئیدیەی بونیادی شەهید و سوپای پاسدارانی شاری دیلۆڕان.

- بەشداری کردنی بەردەوام هەتا 6 حەفتە لە نوێژی هەینی وەرگرتنی بەرگەی تەئیدیە لەلایەن پێشنوێژی شاری دیلوڕانەوە بۆ پەسەند کردنەوەکەی.

- چوونە سەرگۆڕی کوژراوانی سەربە سوپای قودس و سەپابوو.

بە پێی حوکمی دادگای دیلۆڕان یونس باسرە ئەو حوکمانەی بەسەردا سەپابوو؛

- بەشداری کردنی بەردەوام هەتا 6 حەفتە لە نوێژی هەینی وەرگرتنی بەرگەی تەئیدیە لەلایەن پێشنوێژی شاری دیلوڕانەوە بۆ پەسەند کردنەوەکەی.

- چوونە سەرگۆڕی کوژراوانی

تورکیا.. ئەحمەد داودئوغلووی سەرۆک وەزیرانی پێشوو لە ئاکپارتی دەرکرا



ئەنجوومەنی ناوەندیی پارتی داد و گەشەپیدان (ئاکپارتی) لە کۆبوونەوەی فەرمیدا بڕیاری دەرکردنی ئەحمەد داوودئوغلوو سەرۆکوەزیرانی پێشووی تورکیا و سێ کەسی دیکەی لە پارتەکەی دەرکردووە. بەپێی زانیاریی میدیاکانی تورکیا، شەوی سێشەممە پارتی داد و گەشەپێدان کە پارتی دەسەڵاتداری تورکیایە، لە دانیشتنێکی نزیکەی پێنج کاتژمێریدا، سەرەنجام بەکۆی دەنگ، بڕیاری دەرکردنی ئەحمەد داودئوغلوو، سەرۆکوەزیرانی پێشووی ئەو وڵاتەی داوە و بە بەیاننامەیەک بڕیارەکەیان بە کۆمیتەی پێڕەوی ناوخۆ و جێبەجێکاری ئاکپارتی داوە. ئەحمەد داوود ئوغلوو، سەرۆکوەزیرانی پێشوو و سەرۆکی دەرکردنیان دراوە. لە ڕاگەیەندراوەکەی ئاکپارتیدا ئاماژە بە هۆکاری دەرکردنیان نەکراوە، بەڵام دوو ڕۆژ پێشتر، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا، ڕێبەری ئاکپارتی لە شاری قونیە شۆینی لەدایکبوونی داودئوغلوو، بە تووندی ڕەخنەی لەو کەسانە گرت لە هەوڵی جیابوونەوە لە پارتەکەی دەدەن. ئەحمەد داودئوغلوو کە پێشتر وەک میتشکی ڕووناکبیر و کەسی جەوهەریی و ستراتیجیی ئاکپارتی دەهاتە ئەژمار و داڕێژەری سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بووە، چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە لێدوانێکدا ڕایگەیاندبوو: ئێمە لە شەمەندەفەری ئاکپارتی دانەبەزین، بەڵکوو پاڵیان پێوە نایین. جێی باسە ئەحمەد داوود ئوغلوو ماوەی دوو ساڵ زیاترە وەک یەکێک لە ڕەخنەگرانی ئاکپارتی دەردەکەوێت و هاوفکری عەبدولا گوێل و عەلی باباجان دوو کەسایەتیی سیاسیی تورکیایە و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە حزبێکی نوێ لە تورکیا دادەمەزرێنن، بەڵام هەتا ئێستا ناو و ئامانجی حزبەکەیان ڕانەگەیاندووە.

عێراق سکاڵای لە دژی کوەیت تۆمار کرد

K24/ حکوومەتی عێراق لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سکاڵای لە دژی کوەیت تۆمار کرد و ئەندامانی ئەنجوومەنی ئومە(پەرلەمان)ی کوەیتیش تووڕە و نیگەرانن لەو هەوڵەی عێراق. لە نامەیەکدا بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، دەوڵەتی عێراق کوەیتی بە گرتنەبەری سیاسەتی سەپاندنی ئەمرواقیعێکی نوێ تۆمەتبار کردووە. بەغدا ڕاشیگەیاندووە، کوەیت دەستکاری سنووری ئاویی نێوان عێراق و کوەیتی کردووە.محەمەد بەحر علوم، لە 7ی ئابی ڕابردوودا نامەیەکی گەیاندووەتە دەست سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و لەگەڵ ژمارەیەک لە نوێنەری وڵاتان کۆبووەتەوە بۆ ئەوەی هەڵوێستی عێراقیان بۆ ڕوون بکاتەوە.

بەغدا ڕەنگڕێژکردنی سنووری ئاوی بە شێوەی یەکلایەنە ڕەتدەکاتەوە. هەروەها فەرمانی میری کوەیت کە لە 2014 بۆ دیارکردنی سنووری ئاوی کوەیت دەریکردووە، بە پێچەوانەی ڕێسا و یاسای نێودەوڵەتی دەزانێت و ڕەتیدەکاتەوە.

ئوسامە شاهین، ئەندامی ئەنجوومەنی ئومەی کوەیت ڕایگەیاند، ئەو سکاڵایەی دراوسێکەی باکوورمان ئیستیفزازییە و ڕەفتارێکی نامۆش نییە. ئەو پەرلەمانتارە کوەیتییە داواشی لە دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی کردووە، وەڵامی بابەتییانەی عێراق بدەنەوە و ڕێککاری ئەمنی و دیپلۆماسی دژی عێراق بگرنە بەر.

کەشتی نەوت هەڵگری ئێران لە نزیک سووریا ئامێری چاودێریکردنی داخست

کەشتی نەوت هەڵگری ئادریان داریا/1 ی سەربە ئێران کە دوای دەستبەسەرکردنی بۆ ماوەی 45 ڕۆژ بە هۆی پێشێلکردنی بۆ گەمارۆکانی سەر سووریا ئازادکرا، دوای ئەوەی لە خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست ڕوویکردە سووریا ، ئامێری چاودێریکردنی داخست.بەپێی زانیاری MarineTraffic کە چاودێری هاتوچۆی دەریایی جیهان دەکات، شەوی سێشەمە ئادریان داریا/ 1کە ئاڵای ئێرانی بەرزکردووەتەوە کاتێک نزیک سووریا بووەتەوە سیستمی ناسینەوەی ئۆتۆماتیکی کوژاندووەتەوە، بەو هۆیەشەوە پێشبینی دەکرێت چوویێت بۆ سووریا . ئەو کەشتیە نەوت هەڵگرە کە لە لیستی سزاکانی ئەمەریکادایە ، دووانیجار کاتێک بەرەو لوبنان جوولەی کردووە ئاراستەکەی بۆ بەندەری تەرتوس باکووری ڕۆژئاوای سووریا گۆڕی.

ئەمەریکا پێنج هەزار سەربازی وڵاتەکەی لە ئەفغانستان دەکشێنێتەوە



نێردەی تایبەتی ئاشتی ئەمەریکا بۆ ئەفغانستان، زەلمای خەلیل زاد ڕایگەیاند، بەپێی ڕەشنووسی ڕێککەوتنێک لەگەڵ بزووتنەوەی تاڵیبان، ئەمەریکا لە میانی 135 ڕۆژدا، پێنج هەزار سەربازی وڵاتەکەی لە ئەفغانستان دەکشێنێتەوە. بەپێی کەناڵی تلوع نیوز، خەلیل زاد ڕاشیگەیاندووە "لەگەڵ بزووتنەوەی تاڵیبان وەک بنەما گەیشتوین بە ڕێککەوتن، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوە ڕێککەوتنی کۆتایی نییە تا ئەو کاتەی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ ڕەزامەندی لەسەر دەدات. نێردەی تایبەتی ئاشتی ئەمەریکا بۆ ئەفغانستان، زەلمای خەلیل زاد ئاماژەی بەوەش کرد بەپێی ڕەشنووسەکە، ئەمەریکا لە میانی 135 ڕۆژدا، پێنج هەزار سەربازی وڵاتەکەی لە پێنج بنکەی سەربازیی لە ئەفغانستان دەکشێنێتەوە.

سعوودیە ڕێگریی لە سێ مووشەکی حووسییەکان دەکات

سیستمی بەرگریی سعوودیە، ڕێگریکرد لە سێ مووشەکی باڵیستی کە لە لایەن حووسییەکانەوە ئاراستەی شاری نەجران باشووری ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە کرابوون. سەرچاوەکە زانیاری زیاتری لەوبارەوە نەخستووەتەڕوو. هەروەها هاوپەیمانییەتی عەرەبیش هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەوبارەوە بڵاونەکردووەتەوە.

ئەم پێشهاتە داوی ئەوە دێت کە پێشتر حووسییەکان ڕایانگەیاندبوو، ژمارەیەک مووشەکی باڵیستییان ئاراستەی فڕۆکەخانەی نەجران باشووری ڕۆژئاوای سعوودیە کردووە. بەم دواییانە، حووسییەکان شاری نەجران پەلامارەکانیان بۆ سەر دامەزراوە مەدەنی و سەربازییەکانی سعوودیە زیاتر کردووە، تا ئێستاش چەندین فڕۆکەخانە و پاڵاوگەی نەوتیان کردووەتە ئامانج. لەبەرامبەردا هاوپەیمانییەتی عەرەبی بەڕابەرایەتی سعوودیە ڕایگەیاندووە کە زۆربەی هێرش و پەلامارەکانی حووسییەکان کە بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مووشەکی باڵیستی ئەنجامدراون، تێکشاندووە.

رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان:

هیچ ئاوارەیەک لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بە زۆر نەنێردراوەتەوە سەر زێدی خۆی

تا ئێستا ژمارەیەکی بەرچاو لە دەستگیرکراوانی داعش رادەستی بەغدا کراون



رۆژی 2019/8/28 نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق راپۆرتی خۆی پێشکەش بە ئەنجوومەنی ئاسایش کرد، لەو راپۆرتەدا تیشک خرایە سەر گرنگی سەردانەکەی ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ عێراق لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی رابردوو و هەڵسەنگاندنیان بۆ ڕەوشی عێراق پاش رزگارکردنی ناوچەکان لە ژێردەستی تیرۆریستانی داعش کە هاوکات بوو لەگەڵ سااڵیادی هێرشی داعش و دەستبەسەرداگرتنی موسڵ و چەند ناوچەیەکی دیکەی عێراق و یاسای بودجەی عێراق.

نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان باس لە رێککەوتنی نێوان لایەنە سەرەکییە سیاسییەکانی هەرێم لەسەر پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، و گەڕانەوە بۆ دەستوور بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەکات. لەم بارەوە د. دیندار زێباری رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە ڕاپۆرتی نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان پێداچوونەوەیەکی واقیعی پێشهاتەکانە لە عێراقدا و لەم سەرەڕای نەمانی کۆنترۆڵی داعش تا ئێستا لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە هیچ ئاوارەیەک بە زۆر نەنێردراوەتەوە سەر زێدی خۆیان ئەمەش بە هۆی نەبوونی سەقامگیری و خزمەتگوزاری پێویست لەو شوێنانەوە، بە پێچەوانەوە هەموو ئاوارەکان لە هەرێم ئاگادار کراونەتەوە لەوەی ئازادن لە گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان جگە لەو کەسانەی تۆمەتبارن بەوەی پەیوەندیان بە داعشەوە هەبوو بێت کە ئەوانیش بەپێی یاساکانی هەرێم مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

لە بەشێکی ڕاپۆرتەکە نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاماژە بە سزادانی تاوانبارانی داعش دەکات، دیندار زێباری لەم ڕووەوە تیشکی خستە سەر هەماهەنگی نێوان حکوومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی فیدراڵی سەبارەت بە گیراوانی داعش و سزادانی تاوانباران گوتی: دوای دەستگیرکردنی تۆمەتباران و داواکراوان بەپێی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی ژمارە 23 ساڵی 1971ی هەموارکراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ.

ڕێکارەکانیش بریتین لە سەلماندنی کەسایەتی داواکراو و گومان لێکراو و دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەکان دەستگیرکراوانیش گشت مافێکیان هەیە وەک هەر دەستگیرکراوێک وەک بوونی پارێزەر و بینینی کەسوکاریان. بەاڵم بۆ چارەسەرکردنی کەیسی دەستگیرکراوەکانیش حکوومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی فیدراڵ پرۆسەیەکیان دەستپێکرد بۆ ڕادەستکردنەوەی ئەو دەستگیرکراوانە و لەم ڕووەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاسانکاری زۆری کردووە، بەپێی ئەم پرۆسەیەش تا ئێستا ژمارەیەکی بەرچاو لە دەستگیرکراوانی داعش ڕادەستی بەغدا کراون، ئامارژەی بەوەش کرد ڕادەستکردنەوەی گیراوەکان بە فەرمانی دادگا پەیوەندیدارەکان بووە.

پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێم و بوونی چەند ئافرەتێک لە پۆستی وەزیر لە ڕاپۆرتەکەدا و هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم لە ئەنجامدانی چاکسازی، نەهێشتنی گەندەڵی و هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە گرنگ وەسف کراوە، لەم بارەوە ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم ئاماژەی بە ڕۆڵی پێکهاتە و نەتەوەییەکان کرد لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێم کە لە پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە، هەروەها سێ ئافرەتیش لەم کابینەیەدا پۆستی وەزیریان وەرگرتووە، و زیاتر وتی: لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونییەوە لە کارنامەی خۆیدا ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ و هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی گشت گرفت و ئاستەنگەکان ڕاگەیاند بەتایبەتی لە بارەی جێبەجێکردنی ماددەی140 و کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی سنووری هەرێم بەتایبەتی کەرکوک و شنگال و بودجە و وزە و ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ هەماهەنگی کردن لە چارەسەرکردنی گشت ئەو کێشانە لەوانەش دامەزراندنی هێزێکی هاوبەش بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی ئەو ناوچانە، لەلایەکی دیکەوە لە دوای دەستبەکاربوونییەوە هەنگاوەکانی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی دەستپێکرد و لە ماوەی ڕابردوودا کاری زۆر ئەنجامدراون لەم ڕووەوە.

لە بەشێکی ڕاپۆرتەکەدا دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان پێویستە هەوڵەکانیان زیاتر بکەن لەسەر کەیسی بێسەروشوێنبوونی زۆرەملێی ئێزیدییەکان لەسەر دەستی داعش بۆ مەبەستی بەدواداچوون، چونکە تا ئێستا چارەنووسی ژمارەیەکی زۆریان دیار نییە و ژمارەیەکیشیان بە هەوڵ و کۆششەکانی حکوومەتی هەرێم ڕزگار کراون. لەلایەکی دیکەوە چەندین لێژنە دامەزراون بۆ ڕزگار کردنی ئەو ئێزیدییە ڕفێندراوانە و بە جێنۆسایدناساندنی کەیسەکانیان، بەاڵم نەتەوەیەکگرتووەکان و تیمەکانیان وەک پێویست نەیانتوانیوە پاڵپشت بن لەم ڕووەوە بەتایبەتی لە کەیسی بەجێنۆسایدناساندنی کەیسەکە. بەپێی دواینین ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارەی ئافرەتە ڕفێندراوەکان بەم شێوەیە بووە: بەر لە هاتنی داعش ژمارەی ئێزیدییەکان لە عێراق نزیکەی پێنج سەد و پەنجا هەزار کەس بووە، لە ئەنجامی داگیرکردنی ناوچەکانیان لەلایەن داعشەوە نزیکەی سێ سەد و شەست هەزاریان ئاوارە بوون و 1293یان شەهید بوون، 6417 هاوواڵتی کوردی ئێزیدی ڕفێنداون لەوانە 3547یان ئافرەت و 2870یان پیاو بوون. بە هەوڵە بەردەوامەکانی حکوومەتیش تا ڕۆژی 2017/7/8 ژمارەی ئێزیدییە ڕزگارکراوەکان 3048 بووە لەوانە 1093 ئافرەت و334 پیاو و 819 کچ و 803 کوڕ ڕزگار کراون، ئەوانەی تا ئێستا ڕزگار نەکراون ژمارەیان 3369 کەسە لەوانە 1636 ئافرەت و 1733 پیاون کە چارەنووسیان دیار نییە.

حەسەن ڕۆحانی:

بەهیچ جۆرێک دانوستانی دووقۆڵی لەگەڵ ئەمەریکا لەرۆژەقدا نییە




سەرکۆماری ئێران حەسەن ڕۆحانی ڕایگەیاند، هێشتا بڕیارێکیان نییە لەبارەی دانوستانی دووقۆڵی لەگەڵ حکوومەتی واشنتۆن، بەاڵم ئەگەر ئەمەریکا کۆتایی بە سزاکانی بهێنێت، دەکرێت بەشداری لە کۆبوونەوەکانی5 کۆ 1 بکەین. سەرکۆماری ئێران ڕۆحانی لەمیانەی دەنگدان لەسەر کاندیدی پۆستی وەزارەتی کولتوور و گەشتوگوزار و وەزارەتی پەروەردەدا لە پەرلەمانی ئێران، گوتارێکی پێشکەشکرد و ڕۆژەقەکانی هەڵسەنگاند. ڕۆحانی ئاماژەی بەوەدا کە پێشتریش لەبارەی ئەنجامدانی دانوستان لەگەڵ ئەمەریکا ڕوونکردنەوەیان داوە و، هەندێک لە قسەکانیان بە هەڵە لێکدراوەتەوە و گوتی: هیچ بڕیارێکمان نییە لەبارەی دانوستانی دووقۆڵی لەگەڵ ئەمەریکا. بێگومان لەوبارەوە پێشنیاز هەبووە، بەاڵم هیچ کات وەاڵمی ئەرێنیمان نەداوەتەوە. ئەگەر ئەمەریکا کۆتایی بە تەواوی سزاکان بهێنێت، دەکرێت بەشداری لە کۆبوونەوەکانی5 کۆ 1 بکەین. کە دەگوترێت دانوستان، هەندێک وەک دانوستانی دووقۆڵی تێدەگەن، بەاڵم بەهیچ جۆرێک دانوستانی دووقۆڵی لەڕۆژەقدا نییە. ناوبراو دووپاتیشی کردەوە، ئەگەر تا ڕۆژی پێنج شەممە، دانوستانەکانیان لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا ئەنجامێکی نەبێت، هەنگاوی سێیەم دەگرنەبەر.

ڕۆحانی باسی لەوەشکرد کە دوای کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی، وڵاتانی ئەورووپاش بە ئەرکەکانیان هەڵنەساون و ئەگەر بە ئەرکی خۆیان هەستن، ئەمەریکا لەڕووی سیاسی، ئابووری و کۆمەاڵیەتییەوە شکست دێنێت. سەرکۆماری ئێران ڕاشیگەیاند، ئێران دوای سااڵێک مۆڵەت دەستی بە کەمکردنەوەی بەڵێنەکانی کردووە و گوتی: پێویست بوو هەنگاو بنێین بۆ کەمکردنەوەی بەڵێنەکانمان و 8ی ئایار یەکەم قۆناغمان دەستپێکرد و ماوەیەکی دوو مانگیمان تەواوکرد. لەبەرئەوەی لەماوەی دیاریکراودا ئەو بەڵێنانەی درابوون جێبەجێ نەکران، بڕیە قۆناغی دووەمان دەستپێکرد و ئەوا دوو مانگی ئەو قۆناغەش تەواو دەبێت.



لوبنان.. سەعد حەریری باری لەناکاوی ئابووری لە وڵاتەکەی ڕاگەیاند

سەرۆکوەزیرانی لوبنان، سەعد حەریری باری لەناکاوی ئابووری لە وڵاتەکەی ڕاگەیاند. دوای کۆبوونەوەی ئابووری کە لە کۆشکی سەرۆکایەتی بعەبدا بەڕێوەچوو، سەعد حەریری بۆ ڕۆژنامەوانان دوا و دواتر ڕاگەیەندراوێکی باڵوکردەوە. لە کۆبوونەوەکەدا هەریەک لە سەرۆکی لوبنان، میشێل عەون و سەرۆکوەزیران، سەعد حەریری و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران، نەبیە بری و سەرۆک فراکسیۆنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران و وەزیری دارایی، عەلی حەسەن خەلیل و وەزیری ئابووری، مەنسور بتیش و سەرۆکی بانکی ناوەندی، ڕیاز سەالمە بەشداربیان کرد. لە ڕگەیەندراوێکدا، سەعد حەریری جەختیکردەوە لەسەر بەردەوامبوونی سیاسەتی سەقامگیری نرخی لیرە، کەمکردنەوەی خەرجی کارەبا و پەلەکردن لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان. سەرۆکوەزیرانی لوبنان ڕەتیکردەوە هیچ لێدوانێک سەبارەت بە باجە نوێیەکان بدات. هەروەها سەرۆکی لوبنان، میشێل عەون لە کۆبوونەوەکەدا داوایکرد لایەنە سیاسییەکان ناکۆکییەکانیان وەال بنێنن و هەوڵەکانیان بە ئامانجی چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری یەک بخەن کە ڕووبەڕووی وڵات بووەتەوە.



ئەمەریکا... زیانی دۆریان قوربانی لێکەوتەوە

هەزار و 354 گەشتی ئاسمانی بە هۆی زیانەکەوە هەڵوەشێندراونەتەوە

خێراییەکەی گەیشتووەتە 295 کیلۆمەتر لە یەک کاتژمێردا

زیانی دۆریان کە لە زەریای ئەتڵەسی بەردەوامە لە پێشڕەویکردن و لە دوورگەی باهاما داوە، گیانلەدەستدانی پێنج کەس و بریندارەبوونی النیکەم 21ی دیکەی لێکەوتووەتەوە. زیانەکە کە کاریگەری زۆری لەسەر دوورگەی باهاما دروستکردووە و خێراییەکەی گەیشتووەتە 295 کیلۆمەتر لە یەک کاتژمێردا، تا ئێستا بەهێزترین زیانە ڕووی لە ناوچەکە کردبێت.

سەرەڕای نەمانی کۆنترۆڵی داعش تا ئێستا لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە هیچ ئاوارەیەک بە زۆر نەنێردراوەتەوە سەر زێدی خۆیان ئەمەش بە هۆی نەبوونی سەقامگیری و خزمەتگوزاری پێویست لەو شوێنانەوە، بە پێچەوانەوە هەموو ئاوارەکان لە هەرێم ئاگادار کراونەتەوە لەوەی ئازادن لە گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان جگە لەو کەسانەی تۆمەتبارن بەوەی پەیوەندیان بە داعشەوە هەبوو بێت کە ئەوانیش بەپێی یاساکانی هەرێم مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

لە بەشێکی ڕاپۆرتەکە نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاماژە بە سزادانی تاوانبارانی داعش دەکات، دیندار زێباری لەم ڕووەوە تیشکی خستە سەر هەماهەنگی نێوان حکوومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی فیدراڵی سەبارەت بە گیراوانی داعش و سزادانی تاوانباران گوتی: دوای دەستگیرکردنی تۆمەتباران و داواکراوان بەپێی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی ژمارە 23 ساڵی 1971ی هەموارکراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ.

ڕێکارەکانیش بریتین لە سەلماندنی کەسایەتی داواکراو و گومان لێکراو و دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەکان دەستگیرکراوانیش گشت مافێکیان هەیە وەک هەر دەستگیرکراوێک وەک بوونی پارێزەر و بینینی کەسوکاریان. بەاڵم بۆ چارەسەرکردنی کەیسی دەستگیرکراوەکانیش حکوومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی فیدراڵ پرۆسەیەکیان دەستپێکرد بۆ ڕادەستکردنەوەی ئەو دەستگیرکراوانە و لەم ڕووەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاسانکاری زۆری کردووە، بەپێی ئەم پرۆسەیەش تا ئێستا ژمارەیەکی بەرچاو لە دەستگیرکراوانی داعش ڕادەستی بەغدا کراون، ئامارژەی بەوەش کرد ڕادەستکردنەوەی گیراوەکان بە فەرمانی دادگا پەیوەندیدارەکان بووە.

پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێم و بوونی چەند ئافرەتێک لە پۆستی وەزیر لە ڕاپۆرتەکەدا و هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم لە ئەنجامدانی چاکسازی، نەهێشتنی گەندەڵی و هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە گرنگ وەسف کراوە، لەم بارەوە ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم ئاماژەی بە ڕۆڵی پێکهاتە و نەتەوەییەکان کرد لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێم کە لە پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە، هەروەها سێ ئافرەتیش لەم کابینەیەدا پۆستی وەزیریان وەرگرتووە، و زیاتر وتی: لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونییەوە لە کارنامەی خۆیدا ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ و هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی گشت گرفت و ئاستەنگەکان ڕاگەیاند بەتایبەتی لە بارەی جێبەجێکردنی ماددەی140 و کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی سنووری هەرێم بەتایبەتی کەرکوک و شنگال و بودجە و وزە و ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ هەماهەنگی کردن لە چارەسەرکردنی گشت ئەو کێشانە لەوانەش دامەزراندنی هێزێکی هاوبەش بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی ئەو ناوچانە، لەلایەکی دیکەوە لە دوای دەستبەکاربوونییەوە هەنگاوەکانی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی دەستپێکرد و لە ماوەی ڕابردوودا کاری زۆر ئەنجامدراون لەم ڕووەوە.

لە بەشێکی ڕاپۆرتەکەدا دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان پێویستە هەوڵەکانیان زیاتر بکەن لەسەر کەیسی بێسەروشوێنبوونی زۆرەملێی ئێزیدییەکان لەسەر دەستی داعش بۆ مەبەستی بەدواداچوون، چونکە تا ئێستا چارەنووسی ژمارەیەکی زۆریان دیار نییە و ژمارەیەکیشیان بە هەوڵ و کۆششەکانی حکوومەتی هەرێم ڕزگار کراون. لەلایەکی دیکەوە چەندین لێژنە دامەزراون بۆ ڕزگار کردنی ئەو ئێزیدییە ڕفێنداراوانە و بە جێنۆسایدناساندنی کەیسەکانیان، بەاڵم نەتەوەیەکگرتووەکان و تیمەکانیان وەک پێویست نەیانتوانیوە پاڵپشت بن لەم ڕووەوە بەتایبەتی لە کەیسی بەجێنۆسایدناساندنی

ئەحمەد کانی: هەرکاتێک پەروەردەو خوێندنێکی دروست هەبوو کۆمەڵگایەکی دروست بەرهەم دێت



ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە ئالان حەمە سەعید سالح وەزیری پەروەردە کرد. لەو دیدارەدا، هەردوولا باسیان لە پەوشی پەروەردەو گۆڕانکارییەکان کرد بەپێی کارنامەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان،بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستانیش ستایشی وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد کە لە ماوەیەکی کورتدا بە چەند بڕیارێک کە لە خزمەتی پرۆسەی خوێندن و پەروەردە بوو بەگشتی هەنگاوەکانی دەستپێکرد و ئومێدێکی زۆری بۆ مامۆستایان و قوتابیانیش دروستکرد. هەر لەو دیدارەدا، ئەحمەد کانی دووپاتی کردەوە کە پرۆسەی خوێندن و پەروەردە کاریگەری بەهێزی لەسەر کۆمەڵگا هەیەو هەرکاتێک پەروەردەو خوێندنێکی دروست هەبوو ،کۆمەڵگایەکی دروست بەرهەم دێت،بە پێچەوانەوەش کۆمەڵگا دادەڕوخێ. لە بەرامبەردا وەزیری پەروەردە پابەندی خۆی بۆ کارنامەی حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان دووپات کردەوەو جەختی لەوە کردەوە کە هەموو هەوڵێکی خۆیان دەخەنە گەڕ لە پێناو ئەوەی لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی کە ئەرک و بەرپرسیارەتی وەزارەتی پەروەردەیان پێ سپێردراوە باشترین خزمەت پێشکەش بە گەل و نیشتیمان بکەن.

پارێزگاری هەولێر: ڕەوشێکی دڵخۆشکەر لە بووژانەوەی قەڵای هەولێر بەڕێوە دەچێت



نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لە کاتی بەسەرکردنەوەی کارەکانی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێردا، کە لەژێر چاودێریی ڕێکخراوی یونسکۆ و سەرپەرشتیکردنی کۆمیسیۆنی بالای بووژانەوەی گەرماوەکەی قەڵای هەولێر بە هەمان دیزاین و شێوەی پێشووی خۆی و چەند خانوویەکی لەئەستۆ گرتوە و ڕاستەوخۆ کارەکان لە لایەن کۆمیسیۆنی قەڵات و بە چاودێریی یونسکۆ بەڕێوە ئەمەریکا لە عێراق و کۆمەکی تایبەتی کۆمپانیای کارگرووپ، کارەکانی نۆژەنکردنەوەکەی بەڕێوەدەچێت. بالێوزخانەی ئەمەریکا لە عێراق کۆمەکی نۆژەنکردنەوە و بووژاندنەوەی گەرماوەکەی قەڵای هەولێر بە هەمان دیزاین و شێوەی پێشووی خۆی و چەند خانوویەکی لەئەستۆ گرتوە و ڕاستەوخۆ کارەکان لە لایەن کۆمیسیۆنی قەڵات و بە چاودێریی یونسکۆ بەڕێوە دەچن.کۆمپانیای کارگرووپ ئەرکی نۆژەنکردنەوەی سێ خانوو و چەند ئۆفیس و ژێرخانی خزمەتگوزاریی پێویست، وەک ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا لەئەستۆ دەگرێت و ڕەوشێکی دڵخۆشکەر لە بووژانەوەی قەڵات بەڕێوە دەچێت. پارێزگاری هەولێر هیوای خواست بودجە و کۆمەک و پشتگیریی مادیی زیاتری کۆمیسیۆنی بالای بووژانەوەی قەڵای هەولێر بکرێت و دۆسیەی چەند خانوویەکی لەئەستۆ گرتوە و ڕاستەوخۆ کارەکان لە لایەن کۆمیسیۆنی قەڵات و بە چاودێریی یونسکۆ بەڕێوە بکرێت بۆ بەردەوام بوون بە کارەکانی شیاندنەوە و بووژانەوەی قەڵاتی هەولێر کە لەوتەی حوزەیرانی2014 بەفەرمی لە لایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە خراوەتە لیستی کەلەپووری جیهانی و جێگەی گرنگپێدان و بایەخی ناوندە شوێنەوارییەکان و زانکۆکانی دنیایە. هەروەها بووەتە ڕووگەیەکی گرنگی گەشتیاری بۆ کوردستان و ناوچەکە و جیهان.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو عوسمان عەلی نەجار

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو عوسمان عەلی نەجار-مان بیست.

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات..

انا لله وانا اليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

***

بۆ بەڕێز نەوزاد عەلی نەجار

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی (عوسمانی عەلی نەجار)ی برای بەڕێزتانمان پێگەیشت، کە دەکاتە برای شەهید (ئەنوەری عەلی نەجار) بەناوی سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمان پرسە و سەرەخۆشیتان لێ دەکەین و لە خوا داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبوریتان پێ ببەخشێت و دوا ناخۆشیتان بێت.

انا لله و انا اليه راجعون

خەبات

لاوانی بەشداربووی خولی پێگەیاندنی ئەکادیمی لاوان لەسنوری ناوەندی بالای مێرگەسور پێگەو بارەگاکانی شۆڕشی ئەیلولیان لەدەڤەری باڵەکایەتی بەسەرکردەوە

مسلم دوڵەمەری- بارزان:

ماوەیەکە بۆ پێگەیاندنی کادری زاناو پێگەیشت و ناوەندی بالای مێرگەسوری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان هەستاوە بە کردنەوەی خولی پێگەیاندنی ئەکادیمی لاوان بۆ ژمارەیەک لەلاوانی سنوری خۆی، ئەویش بە سازدانی سیمینارو کۆڕو چەندین بابەتی تری جیاجیاو سودمەند لەلایەن کەسانی خاوەن ئەزمون و ئەکادیمیەوە. گرنگترینیان گەشتی بەشداربووانی خولەکەبووە بۆ سەردانیکردنی پێگەو بارەگاکانی بارزانی نەمرو پێشمەرگە قارەمانەکانی شۆڕشی ئەیلول لەدەڤەری باڵەکایەتی، بۆئەم مەبەستەش فەرسەت سالح دۆڵەمەری بەرپرسی ناوەندی بالای مێرگەسوور بەم شێوەیە بۆ خەبات دوواو گوتی :

لە بەردەوامی خولی پێگەیاندنی ئەکادیمی لاوانی سنوری ناوەندی بالای مێرگەسۆری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان. بۆ بوون بە کادیری تێگەیشت و پێگەیشتوو، سەردانی لانکەی شۆڕشمانکرد لە دەڤەری باڵەکایەتی، هەموو ئەو بارەگایانەمان بەسەرکردەوە، کە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بە ڕابەرایەتی بارزانی نەمر بە درێژایی شۆڕش لەم دەڤەرە شۆڕشگێڕە بوو. ئەو لاوە بەشداربووانەی، کە لەم خولە بەشداربوون، هەموویان کوڕ و کچی ئەو پێشمەرگانە بوون، کە لەکاتی شۆڕش لەم دەڤەرە شۆڕشگێرە پێشمەرگە ئاسای کوردستان بوون. ئێمەش وەک ناوەندی بالای مێرگەسوور بە پێویستمان زانی لە بەردەوامی خولە ئەکادیمیەکەمان، هەموو ئەو کادیرانە بە سەردانی گەشتێک بە سەرکردنەوەی ئەم دەڤەرە بە چاوی خۆیان ئەو بارەگا و ئەو شوێنانە ببینن، کە لە کاتی شۆڕش باب و باپیرانمان چ سەختێکیان بینی بوو. تابزانن ئەو ئازادیە بە ئاسانی دروست نەبووە و بە خوێنی هەزاران لاوی دەڤەرەکەمان و ماندوو بوونی پێشمەرگە و سەرکردایەتی شۆڕش دروست بووە. دووژمنیش بە هەموو درندەی خۆی هێرشی بەردەوامی کردۆتە سەر ئەم دەڤەرە، کە لە 1971/9/29 ڕێزمی بەحس لە هەوڵە نەزۆکەکانیدا، 12 مەلای بە کارهێنا بۆ خۆتەقاندنەوە لە کاتی دانووساندن لەگەڵ سەرکردەی شۆڕش بارزانی نەمر بەڵام پلانە نەگریسەکانیان سەری نەگرتوو مەلا مستفا بارزانی بە سووکی بریندار ببوو. ئێمەی ئەم نەوەیە و ئەم سەردەمە بە هەموو پێوەرێک قەرزاری گیانفیدایی شۆڕشگێرانی شۆڕشین. پێویست بوو ئەو لاوانە لە نەهامەتی ئەو سەردەمە تێبگەیێنین، کە ئێستا لە ئازادی و خۆشگوزەرانی دەژین. لە سەردانەکەماند سەردانی بارەگای بارزانیمان کرد لە حاجی ئۆمەران و دیلمان و قەسرێ هەموو ئەو کەسانەمان بەسەرکردنەوە کە لە ژیان ماون هاوکاری شۆڕشیان کردبوو. ئێمە وەک ناوەندی بالای مێرگەسۆر سوپاسی ئەو دڵسۆزانەمان کرد کە پشتگیریان لە شۆڕش کردبوو لەم دەڤەرە، کە یەکێک لەو کەلە پیاوانە کوێخا ئیبراهیم بوو، کە لە دیلمان کاتێ بارزانی سەردانی ئەو شوێنەی کردبوو کوێخا بە هەموو توانایەک پاڵپشت و هاوکاری شۆڕشی بارزانی کردبوو. کوێخا بە حسرەتەوە خۆزگەی بۆ سەردەمی ئەو کاتی شۆڕش دەخواست، بە لاوانی دەڤەرەکەمانی گوت، ئێوە کوڕ و کچی ئەم پێشمەرگانەن کە هەموو کورد شانازی پێوە دەکات، تکاتان لێدەکەم لە سەر ڕێبازی باوک و باپیرانتان بەردەوامبن. ئێمەش بەڵێنی وەفایمان دوو پاتکردەوە لە سەر ڕێبازی بارزانی لە بارەگای بارزانی لە دیلمان.

مەحما خەلیل: لەسەر بڕیەشکردنی ئاوارەکان لە دەنگدان لە دادگای فیدراڵی سکاڵامان تۆمار کردووە

ڕاوێژکاری پەرلەمانی کوردستان بۆ کاروباری کوردانی ئێزدی گوتی، حکومەتی عێراق خۆی کەمتەرخەمە لە نگەڕانەوەی ئاوارەکان، بڕیەشکردنیان لە پرۆسەی دەنگدانیش غەدرێکی گەورەیە و کۆمسیۆنیان لێ ئاگادار کردووەتەوە و لە دادگای فیدراڵییش سکاڵایان تۆمار کردووە، چونکە دۆخی ئەمنیی شنگال زۆر خراپە و ئاوارەکان ناتوانن بگەڕێنەوە. مەحما خەلیل، ڕاوێژکاری پەرلەمانی کوردستان بۆ کاروباری کوردانی ئێزدی، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: "هەموارکردنەوەی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق کە ئاوارەکان ناچار دەکات بگەڕێنەوە بۆ سەر مالوحاڵی خۆیان ئەگەرنا بڕیەش دەکرێن لە دەنگدان، غەدرێکی گەورەیە، چونکە حکومەتی عێراق خۆی کەمتەرخەم بووە لەوەی ئاوارەکان بگەڕێنەوە و هیچ هاوکارییەکی نەکردوون و دۆخی ئەمنییش لە شنگال زۆر خراپە و ئاوارەکان بەو شێوەیە ناتوانن بگەڕێنەوە و زۆرینەی کوردانی ئێزدیش لە ئاوارەییدان و ئەگەر بەو شێوەیە بێت، بڕیەش دەبن لە دەنگدان. مەحما خەلیل گوتیشی: "وەکو ناڕەزایەتی دژی جێبەجێکردنی ئەو یاسایە، بەیاننامەیەکمان بۆ ڕای گشتی بڵاو کردووەتەوە و کۆمسیۆنیشمان ئاگادار کردووەتەوە کە ئاوارەکان ناتوانن بگەڕێنەوە و لە دادگای فیدراڵییش سکاڵامان تۆمار کردووە بۆ ئەوەی یاساکە جێبەجێ نەکرێت."

بەئامادەبوونی وەزیری ئەوقاف کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای ئەوقاف و لێژنەی بۆرد و ئەنجوومەنی زانستی بەڕێوەچوو



د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی سوپاسی تایبەتی خۆی ئاراستەی مامۆستایانی ئایینی بەڕێز کرد کە لە ڕابردوو لەئێستاشدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە خزمەت کردن پێشکەشکردنی ووتارە باشەکانیان و هەبوونی کاریگەری ئەرینی بەگشتی. گوتیشی بەردەوام دەبین لە خزمەت کردنی زیاتر ئەو سێکتەرانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بە وەزارتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەروەها لە سەر ستراتیژیەتی وەزارەت و قوڵترکر نەوەی زیاتری پێکەوە ژیان لە هەرێمی کوردستان. کار دەکەین لە سەر جێبەجێکردنی ئەو هێڵە گشتیانەی کە لە چوار چێوەی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەیان پێکراوە. لە کۆتاییدا ئامادەبووان بریاریاندا حەفتەی داهاتوو کۆبوونەوەیەکی تر سازبکرێت تێدا تەواوی پێشنیار و سەرنجەکان بکرێنە هێڵی گشتی و بریاری پێویستیان لە سەر بدرێت

ڕوونکردنەوەیەک لە وەزارەتی پەروەردە

ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی 2019/9/2 پۆلیسێک سەر بە لیوای نەوت و گاز بەناوی (هـ. ع. م. ق) هێرشی کردۆتە سەر مامۆستایەک بە ناوی (ڕ. ر. ک) لەبەردەم بینای بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی، بەهۆی ئەوەی پۆلیسی ناوبراو خوێندکارە و لەکاتی ئەنجامدانی ئەزمونە گشتیەکانی پۆلی 12دا گزی (قۆپیە)ی کرووە، مامۆستای ناوبراو یاریدەدەری بەڕێوبەری هۆڵ بووە و خوێندکارەکەی بە گزییەوە گرتوە، وێرای ئەمە پۆلیسی ناوبراو هەڕەشەی لە چەند مامۆستایەکی دیکە کردووە کە چاودێری هۆڵ بوون لە قوتابخانەی سەگرمە، بەڕێز وەزیری پەروەردە لە ساتە وەختی بیستنی هەواڵەکەوە بەدواداچونی زۆر وردی لەسەر ئەو ڕووداوە کرد، هەروەها داوای لە جەنابی وەزیری ناوخۆ کرد ریکاری پێویست بەرامبەر پۆلیسی ناوبراو بگرنە بەر، بەڕێز جەنابی وەزیری ناوخۆ فەرمانی کرد کە پۆلیسی ناوبراو دەستگیر بکرێت و دوای چەند کاتژمێرکی کەم ناوبراو دەستگیر کرا، پێش ئەوەیش بەڕێز دکتۆر ئالان حەمە سەعید وەزیری پەروەردە پەیوەندی بە بەڕێز (د.هەڤاڵ ئەبوبەکر)ەوە کرد وەک سەرۆکی لیژنەی ئەمنی و سەرۆکی یەکەی کارگیری پارێزگاری سلێمانی دەربارەی ئەم کەیسە، هەروەها بەڕێز وەزیری پەروەردە فەرمانی کرد بە بەڕێزان (م. دڵشاد عومەر)کە بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی و (م. عومەر محەمەد ئەمین) یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی کەپێویستە ڕۆژی سێشەممە هەستن بە تۆمارکردنی سکالا بەرامبەر پۆلیسەکە و بەڕێز وەزیری پەروەردە لەم کەیسەدا دەبێتە سکالاکار. سەرجەم مامۆستایانی بەڕێز و خۆشەویست دڵنیا دەکەینەوە کە پارێزەری سەروەری یاسا و ماف و شکۆی ئەوان دەبین.

سلێمانی... گردبوونەوەی ناڕەزایی کارمەندانی بەشی زیادەڕۆیی سەر بە سەرۆکایەتی شارەوانی

کارمەندانی بەشی زیادەڕۆیی سەر بە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی بۆ داواکاری پاراستنی گیانی کارمەندانی بەشەکەیان گردبوونەوەیەکی ناڕەزایییان ئەنجامدا بە هۆی ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی ڕووبەڕووی کارمەندانی بەشەکە دەبێتەوە. لە گردبوونەوەکەدا چەندین داواکاری بەرز کرابوونەوە، کۆی ئەو داواکارییانەش لەسەر ئەو بابەتە بێنە دەنگ و پارێزگاری لە کارمەندەکانمان بکەن. ئەو گوتی: "زیادەڕۆیی هەموو کەسێکی گرتوەتەوە و لەسەر ئاستی باڵاش خەڵکی تێدایە لە کاتی سەردانی تیمەکانمان و هەوڵدان بۆ ڕووخاندن و لابردنی زیادەڕۆییەکان لە لایەن ئەو کەسانەی زیادەڕۆییان کردووە بارەی گردبوونەوەکەوە بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو گوتی: "ئەنجامدانی ئەم گردبوونەوەیە بۆ گەیاندنی داواکاری و ناڕەزایی کارمەندانی بەشەکەمانە کە بە هۆی کارەکەیانەوە ڕووبەڕووی هەڕەشە و تەقەلێکردن و دەستدرێژی دەبنەوە، داوا لە بەرپرسانی بالای حکوومەت دەکەین پاراستنی گیانی کارمەندەکان و دەستگیرتن و دادگاییکردنی ئەو کەسانەیە کە تەقەیان لە کارمەندانی بەشەکە کردووە. لێپرسراوی بەشی زیادەڕۆیی لە شارەوانی سلێمانی، ئاری عوسمان کە پێش چەند ڕۆژێک لە لایەن چەند کەسێک تەقە لە ماڵەکەی کرا لە سەرۆکایەتی شارەوانی لە بەردەم دادگای سلێمانی کۆبوونەوە و گردبوونەوەیەکی ناڕەزاییان ئەنجامدا بە هۆی ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی ڕووبەڕووی کارمەندانی بەشەکە دەبێتەوە. لە گردبوونەوەکەدا چەندین داواکاری بەرز کرابوونەوە، کۆی ئەو داواکارییانەش لەسەر ئەو بابەتە بێنە دەنگ و پارێزگاری لە کارمەندەکانمان بکەن. ئەو گوتی: "زیادەڕۆیی هەموو کەسێکی گرتوەتەوە و لەسەر ئاستی باڵاش خەڵکی تێدایە لە کاتی سەردانی تیمەکانمان و هەوڵدان بۆ ڕووخاندن و لابردنی زیادەڕۆییەکان لە لایەن ئەو کەسانەی زیادەڕۆییان کردووە بارەی گردبوونەوەکەوە بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو گوتی: "ئەنجامدانی ئەم گردبوونەوەیە بۆ گەیاندنی داواکاری و ناڕەزایی کارمەندانی بەشەکەمانە کە بە هۆی کارەکەیانەوە ڕووبەڕووی هەڕەشە و تەقەلێکردن و دەستدرێژی دەبنەوە، داوا لە بەرپرسانی بالای حکوومەت دەکەین پاراستنی گیانی کارمەندەکان و دەستگیرتن و دادگاییکردنی ئەو کەسانەیە کە تەقەیان لە کارمەندانی بەشەکە کردووە. لێپرسراوی بەشی زیادەڕۆیی لە شارەوانی سلێمانی، ئاری عوسمان کە پێش چەند ڕۆژێک لە لایەن چەند کەسێک تەقە لە ماڵەکەی کرا لە سەرۆکایەتی شارەوانی لە بەردەم دادگای سلێمانی کۆبوونەوە و گردبوونەوەیەکی ناڕەزاییان ئەنجامدا بە هۆی ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی ڕووبەڕووی کارمەندانی بەشەکە دەبێتەوە. لە گردبوونەوەکەدا چەندین داواکاری بەرز کرابوونەوە، کۆی ئەو داواکارییانەش لەسەر ئەو بابەتە بێنە دەنگ و پارێزگاری لە کارمەندەکانمان بکەن. ئەو گوتی: "زیادەڕۆیی هەموو کەسێکی گرتوەتەوە و لەسەر ئاستی باڵاش خەڵکی تێدایە لە کاتی سەردانی تیمەکانمان و هەوڵدان بۆ ڕووخاندن و لابردنی زیادەڕۆییەکان لە لایەن ئەو کەسانەی زیادەڕۆییان کردووە

ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی و پەلامارادان دەبنەوە. ئەو ئاماژەی بەوەش کرد، تەنها لە ماوەیەکی کەمی ڕابردوودا خۆیی و دوو کارمەندی تریان تەقەیان لێکراوە، هەروەها دوو کارمەندی تری بەشەکە بە هۆی ئەنجامدانی کارەکانیانەوە سکالایان لێکراوە و لە دادگا دەستگیرکراون.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/9/4 ژمارە (5821) خەبات

باخدارەکان گلەییان لە بێ بازاڕی هەنجیر هەیە

بازاڕی هەولێر جمەی دێت لە هەنجیری ئاکرێ و تەقتەق و هەڵشۆ

خەبات/عەلی بانیشاری-هەولێر

خاوەن باخەکانی هەنجیر گلەییان لە بێ بازاڕی هەیە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کیلۆیەک هەنجیر بۆ ئەوان کەمتر لە هەزار دینار دەکات. دوو هەفتە زیاترە کاتی لێکردنەوەی هەنجیر هاتووە. بەوتەی هەنجیر فرۆشەکان سەرەتای مانگی ئەیلول تا ناوەڕاست هەمان مانگ بازاڕی هەنجیر گەرمە و رۆژانە هاوڵاتیانێکی زۆر دەیکڕن. سەرچاوە تەندروستییەکانیش ئاماژە بۆ چەندین سوودی لەبن نەهاتووی ئەو میوە هاوینە دەکەن لەوانەش: هەنجیر یارمەتی کرداری هەرسکردن دەدات و دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی گەشەی خانە شێرپەنجەییەکانی مەمک و کۆڵۆن و پرۆستات.

ئەمین بەکر، باخێکی 4دۆنمی هەنجیری لە شارۆچکەی تەقتەقی سەر بە قەزای کۆیە هەیە و دەڵێ" هەنجیر بە گەرمی پێدەکات، ئێستا باشترین کاتە بۆ پێگەیشتن و لێکردنەوەی هەنجیر". دەشڵێت" هەموو ساڵێک کە کاتی پێگەیشتنی هەنجیر دێت دڵمان بەوە خۆش دەبێت کە پارەیەکی باش بکات و لە رووی مادییەوە قازانجێکی زۆر بکەین، بەڵام تەنها لەسەرەتای لێکردنەوەیدا پارە دەکات کە هەفتەیەکی بەسەردا تێپەڕ ئیدی پارەیەکی کەم دەکات، چونکە هەنجیری ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش پێ دەگات".

ناوبراو گلەیی لەوەش هەیە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو وەکو پێویست هاوکاری خاوەن باخەکانی هەنجیر ناکات. ئەمین بەکر گوتیشی" ئەو هەنجیرەی لە سنوری پارێزگای هەولێر هەیە لە هیچ ناوچەیەکی دیکەی کوردستان نییە". هەروەها دەشڵێت" بەشێک لە باخدارەکان ئەگەر هاوکاری بکرێن بێگومان پارە بە باخی هەنجیر دەدەن و ژمارەی دار هەنجیرەکان زیاد دەکات بۆ چەند هێندە".

ئەو باخدارە باسی لەوەشکرد کوردستان بە گشتی و ناوچەی تەقتەق کەش و هەواو خاکێکی بەپیتی بۆ چاندنی دار هەنجیر هەیە.

سایتی ویکیپیدیا لەبارەی کەش وهەوای لەبارەی بۆ چاندن و گەشەی هەنجیر بڵاویکردووتەوە درەختی هەنجیر بە هەندێک خەسڵەت لە ڕووەکەکانی تر جیا دەکرێتەوە، کە لە ژێر ناوەڕاستی مام ناوەنجی گەشە دەکات، توانای بەرگریی لە بەرز و نزمی پلەکانی گەرما تا ڕادەیەکی زۆرە، بەڵام باشترین پلەی گەرما بۆ گەشەکردن نێوان پلەکانی (٢٩ - ٣٧)ی سەدییە لەگەڵ ئەوەی یەکەکانی پلەی ساردی پێویست سنووردار نەکراوە بۆ چرۆکانی داری هەنجیر لە خولی متبوونی زستانە زۆرینەی جۆرەکانی هەنجیر پێویستیان بە ڕێژەیەکی بەرز هەیە، شێی هەوا دەبێتە هۆی کەوتنە خوارەوەی بەری هەنجیر.

لەو ماڵپەرە ئەلیکترۆنیەدا هەروەها هاتووە بەرزبوونەوەی پلەی گەرما زۆر کاردانەوەی لەسەر دار هەنجیر هەیە بۆیە وا چاکە لەو شوێنانەی زۆر گەرمن، لقەکانی داری هەنجیر بە مادەدی گەچ سواخ بدرێت تا تووشی سوتانەوەی قەدەکان نەبێت، سروشتی هەنجیر بە شێوەیەکی زۆر ئاو بزر دەکات، لە هەندێک کاتی بەرز بوونەوەی پلەی گەرمی دا ئاوی هەڵچوو بەوە ڕاناگات کە گەڵا و قەدەکانی هەنجیر بزری دەکەن، بە تایبەتی بای لەگەڵ دا بێت.

سەربەست رزگار، لەسەر شەقامی هەولێر کۆیە و نزیک شارۆچکەی کەسنەزان لەپشتی ئۆتۆمبێلەکەیەوە خەریکی فرۆشتنی هەنجیرە و دەڵێت" ئەو هەنجیرەی لە هەولێر دەفرۆشرێت زیاتر هی ئاکرێ و تەقتەق و هەڵشۆیە".

دەشڵێت" سەرەتای مانگی ئەیلول تا ناوەڕاست هەمان مانگ بازاڕی هەنجیر گەرمە". ئاماژەی بەوەشدا ئەوان کیلۆی هەنجیر بە 1500-2000هەزار دینار دەفرۆشن و لە خاوەن باخەکانیش بە هەزار دینار دەیکڕن. گوتیشی" بەهۆی ئەوەی ئێستا گەرمەی پێگەیشتنی هەنجیرە نرخەکەی دابەزیووە، بەڵام لەسەرەتا و کۆتای هاتنی لێکردنەوەی هەنجیرە نرخی دەگاتە 3000-3500دیناری عێراقی".

سەرچاوە تەندروستییەکان ئاماژەیان بۆ چەندین سوودی هەنجیر کردووە لەوانەش(هەنجیرە یارمەتی کەمکردنەوەی پەستانی خوێن دەدات، دژە بەکتریا و ڤیتامین و کانزاکان، سیستەمی بەرگری لەش بەهێز دەکات، بۆ دڵە کوتە و تەنگەنەفەسی بەسوودە، جگەر بەهێز دەکات، بۆ گەشەکردنی دەمارەکانی لەش بەسوودە، یارمەتیدەرە بۆ زیادکردنی شیری دایک، گیراوەی هەنجیری وشک بۆ زیادکردنی ڕێژەی میز بەسوودە، ترشەڵۆکی ناو لەش کەم دەکاتەوە، دژی ئازاری جومگەیە).









لەسەرجەم شارەکانی عیراق و وڵاتانی دراوسێش خەڵک سەردانی دەکەن

گەڕاوی خورماڵ بنکەیەک بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان

خەبات: سلێمانی

ناحیەی خورماڵ باکووری ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و گەڕاوەکەیەوە بووەتە ناوچەیەکی گەشتیاری و ڕۆژانە خەڵک لە شارەکانی تری هەرێمی کوردستان و عێراق تەنانەت وڵاتانی دەرەوەش سەردانی دەکەن و ئاوەکەی وەک چارەسەرێک بۆ نەخۆشییەکانی پێست بەکاردەێنن.

ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە گەورە و بچووک، ژن و پیاو لە بەردەم گەڕاوەکەدا نۆرەیان گرتووە و دەچنە نێو گەڕاوەکەوە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانیان (نەخۆشییەکانی پێست)، هەموو ئەو کەسانەش پێشتر سوودیان لەو ئاوە وەرگرتووە بۆ چارەسەر یان لەسەر ڕاسپاردەی کەسێکی تر هاتوون کە پێشتر بۆ هەمان مەبەست هاتووە و سوودی وەرگرتووە.

لەنێو ناحیەی خورماڵ ئاوی گەڕاوی خورماڵ بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی پێست هەیە، گەڕاوەکە ئاوێکی کانزایی سروشتی هەیە کە بە هۆی بوونی کانزاکانی گۆگرد، کبریت و فسفۆر تیایدا ڕەنگی ئاوەکە شینێکی کاڵە و بۆنێکی تایبەتی هەیە کە لە بۆنی هێلکەی کوڵاو دەچێت.

ئەم گەڕاوە میژوویەکی کۆنی هەیە و چەندین تایبەتمەندی لەخۆدەگرێت، لەوانە پلەی گەرمی بەرزتر لە ئاوی ئاسایی، سااڵنەش باران بەبارێت یان نەبارێت ئاستی ئاوەکە وەک خۆیەتی و کەم و زیاد ناکات.

ماوەی چەندین ساڵە گەڕاوەکە بووەتە شوێنێک بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی پێست و خەڵکی لە ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان و عێراق، تەنانەت وڵاتانی دەرەوەش سەردانی دەکەن بە تایبەتی ئەوانەی کێشەی هەستیاری و پێستیان هەبووە وەک چارەسەر پێست، زۆربەی ئەوانەش سەردانیان کردووە باس لەوە دەکەن نەخۆشییەکەیان چارەسەر بووە.

لە ساڵی ٢٠١٤ەوە بەرپرسانی ئیداری ناوچەکە پرۆژەی خزمەتگوزارییان لەسەر گەڕاوەکە دروستکردووە تاوەکو ژمارەیەکی زۆرتر لەو کەسانە لەخۆبگرێت کە ڕۆژانە سەردانی دەکەن.

سەرپەرشتیاری گەڕاوەکە، عەلی ئەحمەد لەو بارەیەوە گوتی: "ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە گەورە و بچووک سەردانی گەڕاوەکە دەکەن و لە کۆنەوە ئەم ئاوە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی پێست بەکارهاتووە و ئەو کەسانەی کێشەی هەستیاری و پێستیان هەبووە وەک چارەسەر ئاوەکەیان بەکارهێناوە و خۆیان پێ شوشتووە".

ئەو گوتیشی: "ئەو کەسانەی سەردانی ئەم گەڕاوە دەکەن تەنها دانیشتووانی ناوچەکە نین، بەڵکو لە شارەکانی تری هەرێمی کوردستان و عێراق تەنانەت ئێران و تورکیاش کە بۆ گەشتوگوزار سەردانی ناوچەی هەورامان دەکەن سەردانی ئەم گەڕاوەش دەکەن".

سەرچاوەی ئاوی گەڕاوەکە لە سێ کانییەوە هەڵدەقوڵێت، هەروەها دوو ژووری تایبەت بۆ پیاوان و ئافرەتان کراوە و دەتوانن لەنێو حەوزەکاندا مەلە بکەن یان بە ئاوەکە خۆیان بشۆن بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانیان.

محەمەد کەریم کە لەگەڵ ئەندامانی تری خێزانەکەی لە سلێمانی-یەوە هاتبوونە گەڕاوەکە باسی لەوە کرد کە پێشتریش سەردانی کردووە و سوودی لێوەرگرتووە، هەروەها لەگەڵ خۆشی چەند دەبەیەک ئاو دەباتەوە تاوەکو لە ماڵەوە بەکاری بهێنێت و زیاتر سوودی لێوەرگرێت.

یەکێک لەو کەسانەی تر کە بۆ سەردانی گەڕاوەکە لەو جێگایە ئامادە بوو، هیمداد محەمەد بوو کە لە کەرکووک-ەوە هاتبوو، ئەو لەسەر ڕاسپاردەی کەسانی تر و بەهیوای چارەسەرکردنی نەخۆشی پێست ئاوەکە بەکاردەهێنێت و لەگەڵ خۆشی چەند دەبەیەک لە ئاوەکە دەباتەوە کەرکووک.

ژیان شێخ سەلمان: کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد و ئەڵمان مانێک بۆ هەموان و پەیامێک بۆ گەیاندنی دەنگ و ڕەنگی نەتەوەییمان



ساسان دەروێش/ ئەڵمانیا

ساڵی 2016لەسەر دەستی دەستەیەک لە دڵسۆزانی کورد، کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد و ئەڵمان دامەزرا و بە فەرمی لە لایەن ئەڵمانیاوە ناسێنرا بۆ ڕێگەدان بە کارکردنی بەفەرمی. خاتوو ژیان شێخ سەلمان سەرۆکی کۆمەڵەکەیە و گوتی، کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد و ئەڵمان مانێکە بۆ هەمووان و پەیامێکە بۆ گەیاندنی دەنگ و ڕەنگی نەوتەوەیان لە کۆکردنەوەی ڕەوندی کورد و بایەخدان بە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەڵمانییەکان و ناساندنی دۆزی ڕەوای کورد بە کۆمەڵگەی ئەڵمانی و ئەوروپییەکان کاری ئێمەیە.

خوێندنەوەیەک بۆ ژیانم

خاتوو ژیان شێخ سەلمان وەک سەرۆکی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد و ئەڵمان، بەمشێوەیە خۆی بەخوێنەرانی خەبات ناشناکرد وگوتی: ناوی تەواوم ژیان سەلمان ئەحمەدە لە دایکبووی شاری کەرکووکی دڵی کوردستانم و دەرچووی ئامادەیی بازرگانیم. بەهۆی باری سەختی سیاسی ئەو شارە و زوڵمی بەردەوامی بەعسییەکان، بەرەو شاری هەولێر چووین و نزیکەی 15 ساڵ لەوێ لە زۆر بواری جیاوازدا لەگەڵ ڕێکخراوەکانی خێرخوازی ئەمریکی وفەرەنسی کاری بەردەوامم کرد. دواجار لە ساڵی 1996 ڕێگای غوربەتمان گرتەبەر لە ئەڵمانیا نیشتەجێ بووم و نیستا لە شاری بەرلینم لەگەڵ هاوژین و منداڵەکانم لەو کاتەوەش کە هاتوومەتە ئێرە لە بەرلین لە خاچی سووری ئەڵمانی وەکو کارمەند کار دەکەم.

خۆشەویستیم بۆکارەی خێرخوازی هانم دەدات بەردەوام بم

خاتوو ژیان لەبارەی خۆشەویستییەکەیەوە بۆ خزمەتی کورد دەڵێت: ئەوەی ڕاستی بێت ئەو ڕیبازەی کە ڕێگەی کوردایەتییە فێری ئەمەی کردم کە بتوانم خزمەتی گەل و خاکی خۆم بکەم. چەندین جار لە لایەن ئەو ڕێکخراوە خێرخوازییەوە خەڵاتکراوم بە تایبەتی لەکاتی کردنەوەی دەرگای وەرگرتنی پەنابەران بە بڕیاری ئەنگێلا مێرکل لە ساڵی 2015کە بە سەدان هەزار پەناخواز گەیشتە ئەڵمانیا ، ئەوەی لەدەستم هاتبێت و لەتوانامدا هەبووە بێ جیاوازی کردنیان هاوکاریان بووم و دڵنەوایانم کرد وەکو وەرگێڕی زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئەڵمانی. هەموو ئەمانە و خۆشەویستیم بۆ کاری خێرخوازی هانم ئەدات بەردەوام بم و نەوەستم، بۆیە لەگەڵ کۆمەڵێک لە دڵسۆزان هەنگاومان نا بۆ دروستکردنی کۆمەڵەیەکی دۆستایەتی کە لەو ڕێگایەوە هاوکاری کوردستان بکەین و ببینە پردێک لە نێوانیاندا.

کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد و ئەڵمان چۆن دامەزرا

پاشان خاتوو ژیان شێخ سەلمان هاتە سەر باسکردن وچۆنیەتی دامەزراندنی کۆمەڵەکەیان کە خۆی سەرپەرشتی دەکات وسەرۆکە وگوتی: کۆمەڵەکەمان لە 21ی ئاداری 2016 لەگەڵ هەریەک لە ڕۆژنامەڤان ئارمانج نێروەیی و دکتۆر باری و خاتوو سروە بەرزنجی و حەمید مەجید و سالار میرزا و کورێکی ئەڵمانی بە ناوی یان دامەزراند و بە فەرمی ناسێنرا لە ئەڵمانیا بۆ ڕێگەدان بەوەیکە بە فەرمی و بە سەربەستی لە هەموو شوێنێکی ئەو وڵاتەدا کاریکەین و لەگەڵ ئەوەشدا بڕوە بە پەیوەندی و دۆستایەتی کورد و ئەڵمان و زیاتر لەیەکترنزیک کردنەوەیان بدەین. تا ئێستا چەندین پرۆژە و کار و چالاکیمان ئەنجامداوە لە هەموو بوارەکاندا لە ئەڵمانیا وکوردستان. ئارمانجی ئەم کۆمەڵەیەش بۆ ئاڵوگۆڕکردنی نێوانی ئەم دوو وڵاتەیە کورد و ئەڵمان لە بوارەکانی پیشەسازی، ئابووری، تەندروستی، کلتوری، وەرزشی، هونەری، سیاسی وپەروەردەیی و شانەکانی ڕۆژنامەوانی و قوتابیان وئەکادیمیسیونەکان و هونەرمەندانە، بردنی شانەکانی ئەڵمانی بۆ کوردستان و ئاشنابوونیان بەو پێشکەوتنەی کە لە ئێستادا هەیە لە کوردستانێکی بەهێزدا.

چالاکوانان هەمیشە چرای ڕووناکی بوون بۆ دۆزی کورد

ژیان شێخ سەلمان لە سەختی کار و چالاکییەکانی کوردان و کاری بەردەوام گوتی: چالاکوانان هەمیشە چرای ڕووناکی بوون بۆ دۆزی کورد و تێکدانی خەونی داگیرکاران کە ویستوبانە ناوی کوردستان لە نێو کۆمەڵگە ئەوروپییەکان وجیهان بسڕنەوە، بەڵام چالاکوانی کورد بە هەر دوو ڕەگەزی پیاو و ئافرەت لە تاراوگە خۆبەخشانە شەو و ڕۆژیان خستۆتە سەریەک کە ناوی کورد و دۆزە ڕەواکەی وەک پەیامی گەلێکی مەزلوم نیشان بدەن دوور لە تووندوتیژی. بەداخەوە لە 23ی 11ی ساڵی 1993حکومەتی ئەڵمانیا بەدەستی داگیرکارنی کوردستان وپلان دانان بۆیان ڕێکخراوێکی کوردی خستە نێو لیستی تیرۆر کە ئەمەش وێنەیەکی ناشرینی گەلی کوردی نیشانی ئەڵمانەکان دا و بەوە ئەرک و خەباتی ڕەوندی کوردی سەخت و دژوارتر بوو بۆ ئەوەی بتوانن پاکی و مەردایەتی و ڕاست و دروستی گەلی کورد و کوردستانیان نیشان بدەن کە چەند ساڵێک بوو گەلی کورد لە باشوور ڕاپەڕیبوون لە دژی ڕژێمی بەعس و هەموو دنیا هاوسۆزی بۆ گەلی کورد هەبوو لە ئاشکراکردنی ئەنفال و کیمیابارانەکان و گۆڕە بەکۆمەڵەکان، بۆیە هەوڵێکی زۆردرا لە هەموو لایەکەوە لە دڵسۆزانی کورد بەخۆشەوە ئەو بارە ڕاست بکەینەوە و دۆستایەتی دروستبکەین و زیاتر خۆمانیان ئاشنابکەین.

شەڕی داعش وقارەمانییەکانی پێشمەرگە هەموو دونیای سەرسام کرد بە تایبەتی کە ئافرەتی کوردیش لە سەنگەری بەرگریکردندان، دیمەنی ڕاستی و ڕاستەقینەی گەلی کورد هاتە پێشەوە و بۆ ئەڵمانەکان دیاربووکە میللەتی کورد چەند ڕاست و دروستە، ئافرەتی کوردیش بووە سیمبولی ئازیەتی و ناوبانگ.


پێگەی ئافرەتی کورد لە چالاکییەکان لە تاراوگە

خاتوو ژیان لە ڕوانگەی خۆی وکۆمەڵەکەیان زۆر بە دڵخۆشیەوە دەیڕوانییە پێگەی ئافرەتی کورد لە تاراوگە و دەڵێ: دینامۆی شۆڕشی کورد و سەرکەوتنەکانی هاوکاری و دڵسۆزی ئافرەتی کوردی پێوە دیارە، ئەوە مێژووی خوێناوییانە و حاشا هەڵنەگرە. لە خستنەڕووی ئەو ڕاستیە کە چەند جوامێرانە کاریان کردووە لە خەباتی شاخ وشار، لە ئەمڕۆشدا بە هەمان هێز و توانا و خۆڕاگریان سەرمەشقی خەباتن و لە پێشەوەی کاروراندان بۆ خزمەتکردن. لە تاراوگەش بە هەمان شێوە هەمان دەنگ و ڕەنگن و لە ئێستادا منداڵەکانیشیان لەسەر هەمان ڕێبازی خۆیان گۆش و پەروەردە دەکەن کە گەل و نیشتیمانی خۆیان خۆش بوێت و لە داهاتوودا خزمەتی بکەن. بە فراوانی بەشداری کاروچالاکییەکانمان دەبن و بەشێکی گرنگی بەرنامەکانمان پێک دەهێنن، ئەمەش بۆمن و هەموومان دڵخۆشیە کە ئافرەتی کورد سەربەستانە لە چوارچێوەی داب ونەریتی کوردەواری خەبات و تێکۆشانی خۆی دەکات.

هیوادارین ڕەوەندی کورد بەشێکی گرنگ بێت لە بەرنامەی حکومەت

لە کۆتایشدا خاتوو ژیان شێخ سەلمان هیوایی ئەوەی خواست کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چاوی ڕێز و خۆشەویستی و بە بەرنامە و پلانەوە بڕوانێتە هێز و توانای ڕەوەندی کورد کە گەورەترین دەنگ و ڕەنگی کوردستانە و هەمیشە پاڵپشتی گەورەی بووە. بۆ نموونە لە کاتی ڕیفراندۆم و خیانەتی 16 ئۆکتۆبەر ڕۆڵی گرنگیان بینی لە نێو ناوەندەکانی دەسەڵات لە وڵاتانی ئەوروپا. هیوامان وایە کە لە داهاتوودا لە کوردستانیش نوێنەرایەتی کۆمەڵەکەمان بکەینەوە بە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان و داواشمان لە کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لە هەولێرکردووە کە ئاسانکاری بۆ شاندەکانی کوردستان بکەن بۆ بەشداریکردنیان لە کار و چالاکییەکانمان. بە هیواین حکومەتی کوردستان پلانی هەبێت بۆ نەوەی نوێی کوردستان لە تاراوگە کە هەریەکەیان خاوەنی بڕوانامەی جۆراوجۆرن و سەرمایەیەکی گەورەی لەبن نەهاتوون بۆ داهاتووی ڕۆشنی کوردستان. دووبارە سوپاس بۆ خەبات و جەنابتان ئەرکتان کێشا و ئێمەتان بەسەرکردەوە بۆ لاپەڕەی ئافرەتان لە خەبات، دەستخۆشیان لێدەکەم کە گرنگی زۆریان داوە بەئافرەتانی تاراوگە.





مەهاباد عوسمانی

دایکان پاڕێزەری کلتوور و ڕەسەنایەتین

خەباتی مەدەنی بەشێکە لەو ئامانجە گەورەی کە هەموو ڕوناکبیر و خەمخۆری مرۆڤایەتی بۆی تێدەکۆشێ. سەرهەڵدانی ئەم خەباتە بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر بیرکردنەوەی تاکە کەس بۆ ئازاد ژیان، واتە سەربەخۆ بیرکردنەوە، خراپەکەشی لە ڕێگەی چاولێکەری باشترە، چاولێکەری یان لاسایی کردنەوەی کوێرانە هۆکاری دواکەوتنی کۆمەڵگەیە. هەر بەو هۆیەوە مرۆڤ کەسایەتی خۆی لە دەست دەدات و وایلێدەکات نەتوانێ بۆخۆی بڕیار بدات یان بە ئەقڵی خۆی بیر بکاتەوە کە لە ئێستادا نەبوونی یاسا و تەشەنەی قەیرانەکان و لە هەموی گرنگتر کێشەی ئابوری وایکردووە کە تاکی کورد بۆ خۆشگوزەرانی خۆی یان بۆ ئەوەی بەرچاو بێ پەنا بۆ خرابترین ڕێگە دەبات بۆ ئەوەی وەک کەسێکی بەڕۆژ یان پێشکەوتوو خۆی نیشان دات لە هیچ کارێک سڵ ناکاتەوە. ئێمەی کورد وەک هەموو نەتەوەییەکی دیکە خاوەن دابونەریت و کەلتوری خۆمانین بە شێوانەی فەرهەنگ و کەلتوری خۆمان لە جلوبەرگ یان شێوە و ڕوخساری خۆمان یان تەنانەت زمان و قسەکردن بە زمانی خۆمان ناتوانین وەک کەسێکی پێشکەوتو دەرکەوین، تەنانەت لە بەر چاوی وڵاتان یان کەسانی بێگانەش تەنیا دواکەوتوو دەرئەکەوین. پێویستە ئێمەش وەک هەموو نەتەوەکانیتر پێش کەوین و گەشە بکەین، بەڵام بە شێوەیەک کە لەگەڵ خۆمان بگونجێ نابێ خۆمان دەقاودەق وەک ئەوان لێبکەین با هزر و بیرمان ئازاد بێ. با عادەت و شتەجوانەکانیان لێ فێربین، بەڵام ئەوە لە بیرنەکەین کە ئێمەی کورد بۆخۆمان کلتور و فەرهەنگ و جلوبەرگی خۆمان هەیە، زمان و ڕێزمان و نوسینی خۆمان هەیە. بە شێواندنی زمانی پاراوی کوردی و شێواندنی بە زمانی بێگانە جوان و پێشکەوتو نابین. کام نەتەوە دەناسی زمانی کوردی تێکەڵ بە زمانی خۆی کات، بەڵکو وشە جوانەکانمان لێ دەدزن. چاولێکەری ڕەنگی داوتەوە سەر هەموو عادەت و ڕەوشت و چۆنیەتی ژیانمان بە جۆرێک کە ئازار بە ڕۆح و تەنانەت جەستەی خۆمان دەگەیەنێن وەک گۆڕینی شێوە و ڕوخسارمان کە لە ئێستادا زۆر باوە پەنا بردنی گەنج و لاو و تەنانەت میرمنداڵان بۆ جگەرە و نیرگەلە و دوکەڵ، چاولێکەری لە کڕینی ئۆتۆمبێڵ لە ماڵ و پێداویستیەکانی ناوماڵ، ماڵی وا ئەبینین کتێبخانەیەکی گەورەی تێدایە بێئەوەی بیانخوێنێتەوە یان بزانێ چ سوودێکی هەیە. کەلوپەلی ناو ماڵ دەکڕێ بێئەوەی بەکاری بێنێ و کەڵکی لێوەربگرێ وایلێهاتوە سەیران و سەیاحەت، حەج و تەنانەت سیاسەتیش کە زۆربەی بۆ خۆدەرخستنە. چاولێکەری لە شوو کردن و ژن هێنان و لێکجیابونەوە و... هتد، هەموو ئەمانە لە دیاردەی چاولێکەرییەوە سەرچاوە دەگرێت. پێویستە بە خۆماندا بچینەوە بۆ سەلماندنی خۆمان بە چاولێکەری و لاساییکردنەوەی کوێرانە و بێبنەما ڕەسەنایەتی خۆمان لە دەست نەدەین و هەنگاو بنێین بۆ خەباتی فەرهەنگی و سەردەمیانە و پێشکەوتوو بەڵام بێ چاولێکەری.



تا/ وریشە عومەر

خۆپاراستن لەکاتی دووگیانیدا

دووگیانی بەڕەسایەتییەکی قورسە و پێویستە بە وردی چاودێری دایک و کۆرپەلە بکرێت و خودی دایک لەو بارەوە بەڕەسیاری یەکەمە لە ڕووی ئەو خواردن و خواردنەوە و خۆپاراستنانەی پێویستە بیزانێت و ئەنجامی بدات. ئەگەر پێشووتر هەبوونی ئەو بەرچاوڕوونییە بۆ دایکان تەنیا لە ڕێگەی ئەزموونی گەورەکان بوو، بەڵام ئەمڕۆکە دایکان چەندەها ڕێگەیان بۆ دەستنی ئەو زانیاریانە هەیە. سەرەڕای ئەوەش لەبەر هەستیاری بابەتەکە بە پێویستمان زانی ئەو ڕاپۆرتە بخەینە بەر دیدی دایکان.

دکتۆرە سومەیە عەتا خالید پسپۆڕی چاودێری دووگیانی ونەزۆکی و نەشتەرگەری لە والی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینیستاگرام دەربارەی دووگیانی خانمان و بەکارهێنانی هەندێک دەرمان و مادە کە نابێت دایک لە ماوەی دووگیانی بەکاری بهێنێت و ئەنجامی بدات دەبێت و دەڵێت: زۆر لە خانمانی دووگیان پرسیاری هەندێک شتی جوانکاری و شتی دیکە دەکەن کە گومانیان لێیان هەیە بۆ بەکارهێنان لە ماوەی دووگیانی، لێرەدا بە کورتی بەمجۆرە وەڵامیان دەدەینەوە: موو لابردن وا باشترە بەتاشین بێت واتا بە موس بێت چونکە بێئازارە و ئاسانە هیچ کیشەیەکی نییە، شتی دیکە لەبەر ئازار و پیسی و خراپە نابێت بە تایبەتی مادەدە کیمیاوییەکان و مەڵهەمەکان، یان مەکینەی موو لابردن یان ئامێری لابردن چونکە تەزووی کارەبا یان تیشکی هەیە، واتا ئامێری فلیس کە ناسراوە، هەروەها شیلە واکس لە بەر ئازار و هەوکردن باش نییە. هەرواها بێیاخکردنی قژ باش نییە سەرەتا تا وەکو دوای جۆلەی منداڵ لەسکدا، چوونکە کیمیاوییە و باش نییە بۆ کۆرپەلە بەتایبەتی لە 3 مانگی یەکەم، مەوادی پڕۆتین و کیراتین و لولکردن هەمووی قەدەغەیە لە دووگیانی لەبەر ئەوەی ژەهراوین. میکیاج و هەندێک جوانکاری تیژی دەموچاو باش نییە. بەکارهێنانی مەوادی پاککەرەوەی ناو ماڵ وەک: (موعجیزە، فاس، فلاش و هەندێک شتی دیکەی لەو جۆرانە) باش نین و هۆکارن بۆ حەساسییەتی پێست و سنگ و هەوکردن. خواردنی مەشروب قەدەغەیە، هەروەها جگەرە و نیرگەلە و تەنانەت دانیشتن و هەڵمژینی دوکەڵەکەشیان بۆ دایک و کۆرپەلە خراپە.

هۆکاری خیانەت لە ژیانی هاوبەشدا



تا/ لاپەڕەی ئافرەت

خیانەت لە ژیانی هاوبەشدا بەردەوام یەکێک بووە لە کێشەکان کە ڕووبەڕووی هاوسەران دەبێتەوە کە لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆییدا جیهانی ئەنتەرنێت و عەولەمە ڕۆڵێکی یەکجار سەرەکی تیا دەبینن.

زۆربەی ڕەوانناسانی جیهانی ئیسلام پێیانوایە ڕووکردنی پیاوان بۆ ژنی دووهەم و باسی فرەخوازی لە هەندێ لە پیاواندا هۆکارەکەی ویستە دابین نەکراوەکانە. ڕەوانناسان لەو باوەڕەدان کە زۆربەی هاوسەران ئەرکی خۆیان لە دلبینکردنی ویستی لایەنی بەرامبەر نازانن و هەر ئەم هۆکارە ڕەنگە سەرەڕای ویستی تاک، بێبێتە هۆکاری خەیانەت و ئەگەر سروشتیەن ویستەکانی تاک وەڵام بدرێتەوە قەت ڕووناکاتە جێگرەوەیەک.


لەسەدێکی کەمی دانیشتوانی کۆمەڵگە نەخۆشن و سەرەڕای دابینکردنی ویستەکانیان ڕووەکەنە خەیانەت و گەر هاوسەری دووهەمیش نەتوانێت ویستەکانی وەڵام بداتەوە کار دەگاتە فرە هاوسەری، بەڵام 90%ئەو کەسانەی مەیلیان بۆ چەند هاوسەری دەچێت بەگشتی تەندروستن و ویستی کپ کراو و وەڵام نەدراوەیان هەیە.

هەروەها دەڵێن: هەندێجار لەبیرکردنی ئەرکەکان لە هەر دوو لایەن وەک دابینکردنی هێمنی، گرنگیدان بە خۆ، نەبوونی کەشێکی گەش و خۆشحاڵ و نقومبوون لە کار و ئەرکی ڕۆژانە دەبێتە هۆکاری ترازانی هاوسەران لە ڕێگەی ڕاست، هەرلایەنێک لە ژیانی هاوبەشدا تووشی لادان بێت ئەوا بێشک لایەنی بەرامبەری تا ڕادەیەکی زۆر تیایدا کاریگەرە و هەندێجار دەتوانێن ڕاستەوخۆ خەیانەتی یەکێک لە هاوسەران بە مانای کەموکورتی لە ڕەفتاری بەرامبەرەکەیەتی.

ڕەوانناسان ئاماژە بەوە دەدەن کە: نەبوونی ڕوانگەی قبوڵ و تێگەیشتنی دروست، بەراوردکردن، نەبوونی ڕێز، کردەوەی نەشیاو، وەڵامنەداوەی ویستەکان، وەدینەهێنانی ویستە سۆزداریەکان، نەناسینی دروستی ویستەکان و وەڵامنەدانەوەی تەندروست بۆیان دەتوانێت هۆکاری خەیانەت لە هاوسەراندا بێت. کاتێک پابەندبوون و بەڵێنەکان لە جێی خۆیان کاریگەرن کە ویستەکان دابینکرابن و وەدینەهێنانی ویستەکان خۆی لە خۆیدا دەتوانێت ڕێگەی لادان ئاسان بکات. لە لایەکیتر کەشی ژینگە، ڕاگەیاندن، ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێت لە پەرەسەندنی هەستی فرەویستی و وەسواس خستن و لادانی تاک کاریگەر بێت.

دیزاینی نینۆک بۆ وەرزی هاوین

بێشک ڕازاندنەوە و جوانکاری نینۆک یەکێک لە بەشەکانی میکیاژە کە دەستەکان جوانتر پیشان دەدەن. هەڵبژاردنی ڕەنگ و شێوەی دیزاینی نینۆک زانستی تایبەتی خۆی هەیە و پسپۆڕانی زۆر بەو بوارە چالاکن. پسپۆڕانی جوانکاری چەندین تێبینیان بۆ ڕازاندنەوەی نینۆک بۆ وەرزی هاوین هەیە: بۆ هەڵبژاردنی ڕەنگی بۆیەی نینۆک لە وەرزی هاوین باشترین و گونجاوترین ڕەنگەکان ڕەنگی گەش و زەقە، وەک پرتەقاڵی، شینی فیروزەیی کە بە شێوەی بۆڵدکراو بەکار دەهێنرێن. مۆدیلی نینۆک: یەکێک لەو شێوانەی کە لایەنگری زۆری هەیە بۆ دیزاین و شێوەی نینۆک لە هاویندا ئەوەیە کە بۆیەی سپی کە بچوکترین پەنجە بەکار بێت و هەروەها دوو پەنجەی ئالقە و پەنجەی نێوڕاست ڕەنگی فیروزەیی لێبدرێت و بۆ پەنجەکانیتر ڕەنگی پرتەقاڵی بەکار بێنن. ئەنجام: هەر وەک ئاشکرایە، میکیاژ لە هاویندا یەکێک لە دژوارترین کارەکانە، چونکە بە هۆی گەرمی کەشەوە میکیاژ دەبێت بە شێوەیەک بکرێت کە بۆ ماوەیەکی زیاتر بمێنێتەوە و زیان بە دەموچاو نەگەیەنێت. هەڵبەت پاراستنی دەست و نینۆکیش دەچێتە ئەو چوارچێوەیەوە و پێویستە گرنگی تایبەتی پێبدرێت.



هەنگاوەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گەیشتنە بە کوردستانێکی بەهێز و پێشکەوتوو



ڕێبوار حەمەلاو شوانی

هەشتەمین کابینەی حکومەتی کوردستان ،لە ڕۆژگارێکدا هاتە مەیدانی خەباتەوە، کە ناوچەکە بە گشتی و عێراق بە تایبەتی کەوتنە بارێکی نائاسایی،شەڕ وقەیرانی دارایی کە ڕاستەوخۆ ئاڕاستەکان کاریگەریان لە سەر ڕەوشی هەرێمی کوردستان دانا ، بە دڵنیاییەوە ئەگەر حیکمەتی سەرکردایەتیی سەرۆک بارزانیی، سەرۆکایەتی حکومەتی کوردستان، ئەنجوومەنی ئاسایش بە گشتی، قارەمانی و خۆڕاگری هێزی پێشمەرگەی کوردستان و فەرمانبەران و تەواوی گەلی کوردستان نەبووایە، ئەستەم بوو کوردستان بگاتە کەناری ئارامی و بەتایبەتی دوای ریفراندۆم و پیلانگێڕی 16ی ئۆکتۆبەر و هەڵبژاردنەکانی 2018ی پەرلەمانی عێراق - کوردستان، نۆهەمین کابینە لە دایکبوو ، ئەمەش واتای ئەوەیە ، کە ئەم حکوومەتە ئەرکی زیاتری لەئەستۆدایە.

ئەو لە دەروازەی پتەوکردنی ئەنجامی ریفراندۆمدایە ، بۆ نموونە: بەدیهێنانی مەرجی هاوبەش لەنێوان خۆی و حکوومەتی ناوەند، هەروەها گواستنەوەی وڵات لە حاڵەتی نادەستوورییەوە بۆ حاڵەتی پیادەکردنی بەندەکانی دەستوور، ئەمەش نەک بۆ ڕەوشی کوردستان بە ئەرێنی ڕەنگدانەوەی دەبێت، بەڵکو بۆ سەرجەم پارێزگاکانی عێراقیش. لەگەڵ دامەزراندنی، دەمودەست سەرۆکەکەی هەر لەدوای سوێندخواردن، دەستبەکار بوو ، پلانی ستراتیژیی حکوومەتیشی ڕوون کردەوە، پاشان هەشت بنەمایەکە بەدەر کەوتن، ئەمەش وای لە خەڵک کرد گەشبین بن، پتر پەیوەست بەوەش بوون کە دەرفەتی بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان مافی حکوومەت و مافی خەڵک لەکیس خۆیان نەدەن. دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانیی ، قۆناغێکی نوێ لە هەرێمی کوردستان دەست پێ دەکات و ئیدی هەناگاوەکان بە ئاراستەی ئاسۆیەکی گەشتر دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە. چونکە لە ماوەی ڕابردوو، هەرێمی کوردستان بە کۆمەڵێک قەیران و بەربەستی یەک لە دوای یەک گوزەری کرد و مخابن کەسانێکی زۆر کەشوهەوای نالەباریان قۆستەوە و خۆیەکی زیانی زۆریان بە مووڵک و ماڵی خەڵکی کوردستان گەیاند. هەروەها بە هۆی ئەو بارودۆخە نەخوازراوەوە ، کابینەی هەشتەمی حکومەتی کوردستان نەیتوانیی پلان و بەرنامەکانی ئاوەدانی و گەشەسەندن جێبەجێ بکات . سیاسەت و ستراتیژی بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی حوکمڕانی دوور لە گەندەڵیی سیاسی لە هەموو دەوڵەتێکدا سەرچاوەی سەرەکییە بۆ ناسەقامگیریی سیاسیی، لەناو ژینگەی ناسەقامگیری سیاسیشدا، توانای کاری پێکەوەی وەک یەک تیم دابەش دەبێت و دژایەتی و ئاستەنگ دروستکردن لە پرۆسەی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی حکومەتدا بەدەر دەکەوێت، بەڵام بەپێچەوانەوە لە پرۆسەیەکی سیاسیی سەقامگیریدا، توانا جیاوازەکان لە دەوری یەک ئیرادە کۆدەبنەوە، کە ئەویش ویستی فەرمانڕەواییە ، لەم حاڵەتەدا کێشە و ئاستەنگەکان چەند زۆر و قورسیش بن، بەڵام لە بەردەم ئەو ویستە خۆی ناگرێت کە دڵسۆزی بۆ پیادەکردنی حوکمڕانییەکی باش هەموو لایەنە جیاوازەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە. مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی کوردستان لەسەر بنەمای ئەو ژینگە سیاسییە تازەیەی لە کوردستان هاتۆتەئاراوە لە وتارەکەیدا کە ڕۆژی 18ی تەمموزی 2019لە واشنتۆن پۆست بڵاوکراوەتەوە، زۆر بە ئومێدەوە هەنگاو هەڵگرتنەکانی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی کابینەکەی ئاماژە پێ کردووەو، پشتئەستوریی خۆی لە سەرکەوتنی لە شەڕی دژی گەندەڵی ڕاگەیاندووە، ئەم پەیامە ئەوەمان پێ دەڵێت کە سەرۆک وەزیرانی کوردستان کۆی بەرنامەی حکومەتەکەی وەک یەک پاکێج سەیردەکات و هەوڵی هەمەلایەنە دەخاتەگەڕ تاوەکو هەموو سێکتەرەکان پێکەوە ڕێکبخاتەوە، ئەم پێکەوە گرێدانەوەیە کە لە ڕووی تیۆرییەوە لەوانەیە هەندێک بە قورس ئاڵۆز سەیر بکرێت، بەڵام ئەگەر کابینەی حکومەت هەموو پێکەوە وەک یەک تیم بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت کاریکەن، ئەوا ئەو هەماهەنگی و هاوکارییەی لەنێوان سێکتەرە جیاوازەکان دروست دەبێت، خۆی لە خۆیدا دەبێتە فاکتەرێک بۆ سەرکەوتنی کۆی بەرنامەکە وەک پاکێجێک لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا.ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی پارتی لەسەر ئاستی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لە ئایاری 2018بووە هاندەرێکی دیکە بۆ سەرۆک مسعود بارزانی بەرنامە بۆ کوردستانێکی بەهێز و قۆناغێکی تازەی حوکمڕانی لە کوردستاندا دابڕێژێت، هەر لەسەر ئەم نەخشە ڕێگەی سەرۆک بارزانی، پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی 30ی ئەیلوولی 2018بەشداری کردو، لەکۆی 100کورسیی پەرلەمان، 45 کورسی بەدەستهێنا. بەمەش ئەو بەرنامەیەی بارزانی بۆ بونیادنانی کوردستانێکی بەهێز دابڕشتبوو، لە میانەی سندوقەکانی دەنگدانەوە بووە ئەمری واقیع و بنەمای وتووێژەکانی کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش کابینەی نۆیەم دامەزرا و متمانەی پەرلەمانی کوردستانی وەرگرت، لەو ماوە کورتەشدا کابینەی نۆیەم دەست بەکاربووە، هەوڵەکانی بەو ئاراستەیە دەرکەوتوون کە ئەولەوییەتی کارەکانی بە شەڕی دژی گەندەڵی و بەهێزکردنی کەرتی تایبەت دەست پێدەکات هەموو ئەو هەنگاوانە پشتیوانی خەڵکی کوردستان و گشت هێز ولایەنە سیاسییەکان دەخوازێ چ ئەوانەی لە پرۆسەی حکومڕانی بەشدارن یانیش وەک ئۆپۆزسیۆن چاودێرن ، ئەو هەوڵانەش وا دەکات ئاڕاستەی بەرنامە وکارەکانی حکومەتی کوردستان زیاتر پێشکەوتن و سەرکەوتنی زیاتر بە خۆیەوە ببینێ.

مەسروور بارزانی کەسایەتییەکی کاریگەر و بەتوانایە و ئەزموونێکی باشی سیاسی و ئیداری و ئەمنیی هەیە لە ئەرکەکانی ڕابردوودا سەرکەوتوو بووە و لە کارکردنداکەسایەتیەکی جددییە. پاشان لایەنە بڕاوەکانی هەڵبژاردن کە بەشداری لەکابینەکەدا دەکەن پێشتر لەسەر بەرنامەی کاری حکوومەت ڕێک کەوتوون، ئەمەش زۆر گرنگە، لەوانیش گرنگتر، ڕێککەوتنی سیاسی لە نێوان لایەنەکانی بەشداربووی حکوومەتدا واژۆ کراوە، کە پێکەوە کار بۆ سەرخستنی کارنامەکەی حکوومەت بکەن و دڕوشمی کابینەکەش بەهێزکردنی پێگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە بە واتای حکوومەتێکی بەهێز و دامەزراوەیی و خزمەتگوزار.



چاوا پەیوەندییێت ئابووری بێن وەلاتان دهێنە برین؟



سەردار شاکر سلێمانەی*

Sets up equipment for employee use. Ensures proper installation of cables, operating systems, or appropriate software. Monitors network and communication systems in Khormor to ensure network availability to all system users/IP phones and performs necessary maintenance to support network availability. Installs and performs minor repairs to hardware, software, or peripheral equipment, following design or installation specifications. Refers major hardware or software problems or defective products to vendors or technicians for service. Assists in network modelling, analysis, planning, and coordination between network and data communications hardware and software. Responsible for IT security, firewall, network operation continuity, VPN, load balancer and user access right. Reviews technical manuals, confers with users, conducts computer diagnostics to investigate and resolve problems. Reports to the IT Manager.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENCIAL FUNCTIONS
Network Infrastructure Administration
1. Manages all Networking, server and communication systems at Khormor.
2. Installs, configures, administers and troubleshoots computers hardware, networks, internally developed applications and other general supported software.
3. Plans, coordinates, and implements network security measures to protect data, software and hardware.
4. Analyses network data to determine network usage, disk space availability or server function.
5. Monitors network performance to determine whether adjustments need to be made, and to determine where changes will need to be made in the future.
6. Implements and provides technical support for voice services of IP Phones and private branch exchange.
7. Performs servers' data backups and disaster recovery operations.
8. Diagnoses, troubleshoots and resolves hardware, software or other network and system problems and replace defective components when necessary.
9. Maintains and updates an inventory of all monitors, keyboards, hard drives, modems, printers, scanners, and other peripheral equipment.
10. Aids in the development of business continuity and disaster recovery plans, maintain current knowledge of plan executables, and respond to crises in accordance with business continuity and disaster recovery plans.
11. Takes care of the communication devices, Internet access with FOC/VSAT to make sure the smooth & continuous operation of Business at KM as usual.

Crescent Petroleum

Reporting and Communication
12. Reports to the IT Manager on all issues relating to IT network administration within Khormor.
13. Exhibits and maintains excellent working relationships with all Company staff.

Continuous Improvement of Position
14. Researches new technologies by attending seminars, reading technical articles, or taking classes and recommend changes to improve systems and network configurations, and determine hardware or software requirements related to such changes.

Decision–making Authority

Delegated to take appropriate decision on IT matters in the absence of IT Manager

Working and Other Reporting Relationships

IT Manager	Frequent/daily
Director of Business Services	Occasional when required

Supervisory Responsibility

-

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

- Bachelor of Engineering in IT/Computer science discipline
- Microsoft/Cisco certification is desirable

Minimum Professional Experience Required

4 to 5 years' experience with sound knowledge on MS servers, and Networking equipment

Special Requirements and Conditions

English and Kurdish fluently, Arabic is added advantage to have
Must be physically fit, able to work under severe weather conditions, able to climb towers, ladders and stair cases to elevated work platforms to monitor/repair process equipment

Crescent Petroleum

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Critical Thinking — using logic and reasoning to identify the strengths and weaknesses of alternative solutions, conclusions or approaches to problems • Complex Problem Solving — identifying complex problems and reviewing related information to develop and evaluate options and implement solutions • Organizing, Planning, and Prioritizing Work — developing specific goals and plans to prioritize, organize, and accomplish your work • Good communication skills in English and Kurdish • Commitment to continuous learning	• Dependability — job requires being reliable, responsible, and dependable, and fulfilling obligations • Attention to Detail — job requires being careful about detail and thorough in completing work tasks • Stress tolerance — job requires accepting criticism and dealing calmly and effectively with high stress situations • Persistence — job requires persistence in the face of obstacles • Achievement/Effort — job requires establishing and maintaining personally challenging achievement goals and exerting effort toward mastering tasks • Innovation — Job requires creativity and alternative thinking to develop new ideas for and answers to work-related problems • Leadership — job requires willingness to lead, taking charge and offering opinions and direction. • Very good team player • Ability to demonstrate honesty and confidentiality	• Excellent telecommunications — knowledge of transmission, broadcasting, switching, control, and operation of telecommunications systems • Experience in troubleshooting & determining causes of errors and deciding what to do about it • Excellent knowledge in Networking & Servers • Exposure to CCTV/Radio/Fiber optic communications • Good knowledge in business Applications/Databases & Plant software • Good knowledge on SCADA/DCS will be an added advantage • Experience in network security, firewall, and access rights management • Successfully enforce IT policies on all computer and internet users equally

Please submit your application or CV to our office addresses as below, no later than 14 September 2019:

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.

***OR Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is* IT/Network Engineer, Ref: NE/IT/Sept/19)**

ژاپۆن ژمارەی پێوانەیی تۆمار دەکات



وێنەو کۆمێنت

بەهۆی زیادبوونی ئاستی هەڕەشە لەلایەن چین و کۆریای باکور ، چاوەڕێ دەکرێ سالّی داهاتوو ئاستی خەرجیە سەربازیەکانی ژاپۆن تا رادەی تۆمارکردنی ژمارەیەکی پێوانەیی بەرز ببنەوە ،هاوکات لە رێگەی کرینی چەکی پێشکەوتووەوە بەنیازی پتەوترکردنی ئەو پەیوەندیانەیە کە لەگەڵ ئەمەریکا هەیەتی. لەو بارەوە ژاپۆن بەنیازە سالّی داهاتوو بڕی 5.32 ترلیۆن یەن (50.3ملیار دۆلار) بۆ وەزارەتی بەرگری تەرخان بکات ، واتە 1.2%زیاتر لەوەی ئەمسالّ بۆ هەمان وەزارەت تەرخانی کردووە . بە گوێرەی زانیاریەکانیش ، تۆکیۆ بەنیازی کرینی 6فڕۆکەی جۆری ئێف 35ی ئەمەریکیە کە بەهایان دەگاتە 14ملیار یەن (132ملیۆن دۆلار).

ئەمەریکا لە بەرامبەر کرانەوەی چەند بەرەیەکی ئەتۆمیدا

بریت ستیفنز *

"بەڕوونی دیارە، پایتەختەکانی هاوپەیمانی ناتۆ متمانەی تەواویان بە ئەمەریکا وەک هاوپەیمانی سەربازی نەماوە" ئەمە بەشێک بوو لەو ڕاپۆرتەی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە 7ی ئۆکتۆبەری سالّی 1979بلاوی کردبۆوە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت،کەوا دۆنالد ترەمپ یەکەم سەرۆکی ئەمەریکا نییە ، هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا بە چاوی گوماناوییەوە لێی بڕوانن یا متمانەی تەواویان پێ نەبێت.

ئەو سات پرسیار ئەوەبوو ، ئایا جیمی کارتر کاردانەوەی لەسەر بلاوکردنەوەی مووشەکی (ئیس ئیس 20) کە مەودا مامناوەندی ناوکییە لەلایەن ڕوسیاوە چی دەبێت، کە ببووە مایەی هەڕەشە لەسەر دامەزراوە سەربازییەکانی ڕۆژئاوا، لەکاتێکدا ئەوان چەکێکی هاوشێوەی لەوجۆرەیان نەبوو تا وەلامی ڕوسیای پێ بدەنەوە؟ ئەوەبوو وەک وەلامدانەوەیەک بۆ ڕوسیا جیمی کارتر لەهەمان ساڵ ڕەزامەندی لەسەر بلاوکردنەوەی سەدەها مووشەکی جۆری (بیرشینگ 2)و ڕۆکێتی کرۆزی مەودا مامناوەندی لە شارەکانی ئەورووپا دەبڕی، دواتریش لەسەرەتای هەشتاکان ئیدارەی ڕێگان پرۆژەکەی بەکۆتا هێنا . میژوو ئێستا خۆی دووبارە دەکاتەوە، دوای چەند ساڵ لە هەوڵی دیبلۆماسی شکستخواردوو لەگەڵ ڕوسیا بۆ پابەندبوون بە پەیماننامەکە، کە بە پێی وتەی "دان کوتس"ی بەڕێوەبەری پێشووی هەواڵگری نیشتیمانی، مۆسکۆ بە شێوەیەکی نهێنی هەڵساوە بە بلاوکردنەوەی نزیکەی (100) ڕۆکێت کە بۆ بە ئامانج گرتنی ژێرخانی ئابووری و سەربازیی هەستیارەکانی ئەورووپا بەرهەمی هێناون،، هەروەها پێی وایە ڕوسیا پەیماننامەی قەدەغەکردنی سەرجەم تاقیکردنەوە ناوکییەکانی سالّی 1996یشی پێشێل کردووە، لەبەرامبەر ئەمەدا ئەمەریکا بە شێوەیەکی فەرمی دەرچوونی خۆی لە پەیماننامەی ڕۆکێتی ناوکی مامناوەندی سالّی 1987لەگەڵ ڕوسیا ڕاگەیاند.

ئەم ڕووداوانەش لەکاتێکدا ڕوودەدەن، ئەمەریکا ڕووبەڕووی چەندین بەرەی ناوکیی جۆراوجۆر بۆتەوە، چین هەڵساوە بە نۆژەن کردنەوەی جبەخانەی ناوکیی خۆی بە پێی ئاژانسی هەواڵگری بەرگری لە ماوەی دە سالّی داهاتوودا جبەخانەکەی دوو هێندە زیاد دەکات. کۆریای باکوور بەردەوامە لەسەر تاقیکردنەوە مووشەکییەکانی هیچ ئاماژەیەکیش نییە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ تەرەمپ دەست لە بۆمبەکانی بەردا. پاکستانیش بە خێراییەکی زۆر لەهەوڵی بەرفراوانکردنی جبەخانەکەیدایە ، کە ئەمەش مەترسی ئەگەری بەدەستهێنانی ئەو چەکە لە لایەن تیرۆریستانەوە زیاتر دەکات، ئێرانیش دەستی بە چالاکییە ناوکییەکانی کردۆتەوە ، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەڕەشەیەکەو هانی ڕکابەرە ناوچەییەکانی دیکەش دەدات هەمان ڕێچکەی ئێران بگرنە بەر. کەواتە دەبێت لەبەرامبەر ئەو هەموو هەڕەشانە چ کارێک بکەین؟

ئەو وەلامەی لەگەڵی لێزاھاتووین ئەوەیە ، زیاتر چاودێری چەکەکان بکەین، هەندێ ڕەخنەشیان لە ئەمەریکا گرت دەبووایە ئەمەریکا سەرەڕای پێشێلکردنی پەیماننامەی مووشەکی مامناوەندی لەلایەن ڕوسیاوە ڕێزی لێ بگرتبووایەو لێی دەرنەچووبایە ، بەلام گرفتی ڕێککەوتنی چاودێری چەک لەوەدایە پێچەوانەی پیاوچاکەکان، شەڕخوازان هەمیشە فڕوفێڵ دەکەن، جیهانیش دوای ئەوەی کار لەکار دەترازێت ، ئینجا بۆیان ئاشکرا دەبێت.

لە ڕووی میژوویییەوە ئەلمانیا هەمیشە فێڵی لە کۆت و بەندەکانی پەیماننامەی فرسای دەکرد، یەکێتی سۆڤیەتیش فڕوفێڵی لە زۆربەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان لە نێوشیاندا پەیماننامەی قەدەغەکردنی بەشێکی (جزئی) تاقیکردنەوە سنووردارەکانی سالّی 1963 هەروەها پەیماننامەی قەدەغەکردنی مووشەکیی بالّیستی سالّی 1972 دەکرد. بە هەمان شێوە ئێرانیش بە شێوەیەکی بەردەوام ڕێککەوتنی قەدەغەکردنی بلاوبوونەوەی چەکی ناوکیی پێشێل دەکات، ئێستاش ڕوسیا جارێکی تر فڕوفێڵ دەکات.

بەهەمان شێوەی سالّی حەفتاکان، مەترسی یەکەم لە ئەگەری هەڕەشەکردنی مۆسکۆیە دایە لە یەکێک لە هاوپەیمانەکانی ناتۆ ، بەشێوازێک دەرفەت نەڕەخسێت بۆ ئەمەریکا ڕەتدانەوەیەکی گونجاو بگرێتە بەر جگە لە خۆ بەدەستەوە دان یا پەنا بردنە بەر بارگرژتر کردن نەبێت، هەر ئەمەشە پێویستە نیگەرانی ئەوانەی ڕەخنەیان لە تەرەمپ دەگرت بوروژێنێت (کە منیش یەکێکم لەوان) کە پێیان وایە هەڵوێستەکانی تەرەمپ جۆرە ناڕوونییەکی ترسناکی پێوە دیار لەبەرامبەر زەمانەتە ئەمنییەکانی ئەمەریکا بۆ هاوپەیمانەکانی.

هەمان ئەو مەترسییانە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاش بوونی هەیە، هەر کردارێکی چین لە ئایندەدا گەر هێزی تیا بەکاربێنێت، پەردە لەسەر زەمانەتە بکرابوایە، کە هیچ بۆشاییەکی لەبەرامبەر هەر گرژییەکدا تیا نەبووایە. بەڵام ئێستا جبەخانەکانی ئەمەریکا بەهۆکاری پێشێلکردنی پەیماننامەکان لەلایەن ڕوسیا هەروەها دواخستنی کراری نۆژەن کردنەوەی، ڕووبەڕووی چەند بۆشایی و کەموکوڕی بۆتەوە، کە ڕەنگە هێندەش زۆر گەورە نەبێت لەبەردەم دوو ڕکابەرە گەورەکەی چەکی ناوکی.

نووسینەکەم بە جیمی کارتەر دەست پێکرد، بەڵام دوو خاڵی سادە ڕوون دەکەمەوە، یەکەمیان پێشتر ئەمەریکا توانیویەتی تەحەدای لەمجۆرە تێپەڕێنێت، دووەمیشیان سەرکردە لیبرالییەکان لە پێویستی بەرفراوانکردنی چەکی ناوکی تێگەیشتوون، خاڵێکی دیکەشی دەخەمە سەر، ئەویش ئەوەیە بڕیارە یەکلاکەرەوەکەی جیمی کارتەر بۆ بلاوکردنەوەی مووشەک لە ئەورووپا زۆر زیاتر لە بڕیارەکەی ڕێگان بۆ لابردنی چەکەکان کاریگەرتربوو، بەشداری لە بردنەوەی شەڕی سارد کرد.

گرنگترین وڵاتانی ئەتۆمی لە جیهان

ئا : ل. کاروباری نێودەوڵەتی

ڕووسیا خاوەنی 6850کلاوەی ئەتۆمیە .
ئەمەریکا خاوەنی 6450کلاوەیە .
فەرەنسا خاوەنی 300کلاوەی ئەتۆمیە .
چین خاوەنی 280کلاوەی ئەتۆمیە .
بەریتانیا خاوەنی 215کلاوەی ئەتۆمیە .
پاکستان خاوەنی 150کلاوەی ئەتۆمیە .
هیند خاوەنی 140کلاوەی ئەتۆمیە .
ئیسرائیل خاوەنی 80کلاوەی ئەتۆمیە .
کۆریای باکور خاوەنی 60کلاوەی ئەتۆمیە .
کۆی کلاوە ئەتۆمیەکان : . 14.525



مانشێت



سکای نیوز:
بەرپرسانی یەکێتی ئەورووپا بەنیازی دروستکردنی سندووقێکن بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر کارەساتێک کە دووچاری وڵاتانی ئەندام ببێتەوە .



ڕۆژنامەی ئەلجەزیرە:
ماوەیەکی کەم دوای گەیاندنی ڕەشنووسی ڕێککەوتنی نێوان ئەمەریکا و بزووتنەوەی تالیبان، تەقینەوەیەکی توند کابوڵی پایتەختی ئەفغانستانی هەژاند.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
دوای نزیکبوونەوەی گێژەڵوکی دوریان لە ئەمەریکا ، دەسەلاتدارانی ئەو وڵاتە هەزاران خەڵکیان لە ناوچە کەناراوەکان دوور خستەوە .



دۆیچە ڤیلە:
ئیسرائیل لە ڕێگەی وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا پەیامێکی هەڕەشەئامێزی ئاراستەی لوبنان کرد .



ئەی ئێف پی:
دوای تۆمەتبارکردنی بە پشتگیریکردن لە ڕووسیا ، ماموکا باختادزەی سەرۆکوەزیرانی جۆرجیا دەستی لە کار کێشایەوە .




کەنالّی ئار تی :
پۆلیسی ئسپانیا 200پەنابەری لە کەناراوەکانی خۆی ڕزگار کرد کە لە باکووری ئەفریقیاوە ویستبوویان خۆیان بگەیەننە ئەورووپا .

بەهۆی کەلەکەبوونی پاشماوەی گەشتیاران لە سەیرانگەی گەلی زورەگڤان خەلکی ناوچەکە هەراسان بووە







ئا: مسلم دزلەمەری

بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی دەڤەری بارزان کە ناوچەیەکی شاخاوی و پڕ لە گەلی جوان و کانیاوی سازگار و هەردوو رووباری زێی گەورەو بچوکە و لەلایەن دانیشتوانیەوە دەیان ساڵە خاوەنی ژینگەیەکی پارێزراوە، هەروەها چەندان شوێنی مێژووی گرنگ لەناوچەکە هەڵکەوتوە، رۆژانە بەدەیان گەشتیاری ناوەخۆ و بیانی سەردانی ناوچەکە دەکەن، بەتایبەتی لەوەرزی هاوین گەشتیاران لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان سەردانی شوێنە فێنکەکانی ئەم دەڤەرە دەکەن، بەڵام جێی داخە کە بەهۆی فرێدانی پاشماوەیەکی زۆری گەشتیاران لەشوێنە گەشتیارییەکان خەلکی دەڤەرەکەی هەراسان کردووە.

نمونەش گەلی زورەگڤانە کەرۆژانە بەدەیان گەشتیار سەردانی دەکەن و پاشماوەکانیان بە جێدێلن، بۆیە بەپێویستمان زانی لەم ڕاپۆرتە ئەموکوپیانە لەسەر زاری بەرپرسانی ئەم شوێنە گەشتیارییەوە بۆ هاووڵاتیان بخەینەڕوو:

سەفەر سوار حەمەد بەرپرسەری فەرمانگەی گەشتوگوزاری مێرگەسور لەم بارەیەوە گوتی:

دەڤەری بارزان بە هۆی بوونی ناوچەیەکی شاخاوی جوان و بەهۆی بوونی ژینگەیەکی پڕلە داروبار و جۆرەها گیانداری پارێزراوی کێوی و بوونی سەرچاوەی ئاوی زۆر و بوونی رووبەری باش لەناوچەکە و بوونی زۆر شوێنی گونجاوی گەشتیاری بەتایبەتی لەوەرزی هاوین بۆ مەلەوانی وخۆفێنک کردنەوە، هەروەها بوونی شوێنی مێژووی گرنگ وەکو ئەشکەوتی شانەدەر، دەتوانم بڵێم لەهەر چوار وەرزی ساڵەوە بەسەدان گەشتیار روو لە م ناوچەیە دەکەن، گەلی زورەگڤان دەتوانم بڵێم یەکێکە لە شوێنە هەرە خۆش و دڵفێنەکانی گەشتیاری کوردستان ئەویش بەهۆی بوونی ئاوێکی سازگار و زۆر و هەوایەکی فێنک و سروشتێکی جوان کەرۆژانە بەدەیان گەشتیار لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانەوە سەردانی دەکەن، بەڵام ئەوەی جێگای داخە ئەم ژینگە جوانە بەهیچ شێوەیەک لەلایەن گەشتیارانەوە ناپارێزرێت، هەرچەندە ئێمە هەستاوین بە دانانی حاوێەو بەرمیل بۆ تێکردنی پاشماوەکانیان بەڵام دووبارە دەڵێم بەداخەوە نە پاشماوەکانیان دەخەنە نێو حاوێەکانەوە نە لەگەڵ خۆیان دێننەوە، لەبەر نەبوونی ڕێگاش بۆ سەیارەی شارەوانی کۆکردنەوە و هێنانەوەی پاشماوەکان لەم گەلیە ئەستەمە کەبەمەش هەم سروشتەکە و هەم ئاو و ژینگەی ناوچەکە تەواو بەرەو پیس بون دەچێت کە مەترسی بۆسەر گیاندارە کێوێەکانیشی هەیە، بۆیە لێرەدا منیش داوادەکەم لەلایەنی پەیوەندار کە یاسایەک بۆ گەشتیاران دابنرێت و چارەسەرێکیش بۆ ئەم گرفتانە بکرێن .

مەعروف سلێم وێنەگر و چالاکوانی ژینگەیی گوتی: گەلی زورەگڤان کەدەکەوێتە سنووری ناحیەی بارزان شوێنێکی گەشتیاری و خاوەنی سروشتێکی زۆر سەرنجڕاکێشە کەلە هەرچوار وەرزی ساڵەوە گەشتیاران سەردانی دەکەن بەتایبەتی لەوەرزی هاوین کە گەلیەکی فێنکە و ئاوێکی ساردو سازگاری هەیە، بەڵام سروشتێکی جوان کەرۆژانە بەدەیان گەشتیار لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانەوە سەردانی دەکەن، بەڵام ئەوەی جێگای داخە ئەم ژینگە جوانە بەهیچ شێوەیەک لەلایەن گەشتیارانەوە ناپارێزرێت، هەرچەندە ئێمە هەستاوین بە دانانی حاوێەو بەرمیل بۆ تێکردنی پاشماوەکانیان بەڵام دووبارە دەڵێم بەداخەوە نە پاشماوەکانیان دەخەنە نێو حاوێەکانەوە نە لەگەڵ خۆیان دێننەوە، لەبەر نەبوونی ڕێگاش بۆ سەیارەی شارەوانی کۆکردنەوە و هێنانەوەی پاشماوەکان لەم گەلیە ئەستەمە کەبەمەش هەم سروشتەکە و هەم ئاو و ژینگەی ناوچەکە تەواو بەرەو پیس بون دەچێت کە مەترسی بۆسەر گیاندارە کێوێەکانیشی هەیە، بۆیە لێرەدا منیش داوادەکەم لەلایەنی پەیوەندار کە یاسایەک بۆ گەشتیاران دابنرێت و چارەسەرێکیش بۆ ئەم گرفتانە بکرێن .

مەعروف سلێم



سەفەر سوار حەمەد



نادر روستی

گەشتیاران سەرچاوەی داهات و خۆشین بۆ هەرناوچەیەک کە ڕووی تێبکەن، بۆیە بەردەوام هەوڵدەدرێ کە ژمارەی گەشتیاران زیاد بکرێ، بەڵام کاتێک خزمەتگوزاریەکان هاوتا ناکرێن بە ژمارەی گەشتیاران، کاردانەوەی خراپ بەدوای خۆی دەهێنێت و نیگەرانی لە لایەن دانیشتوان دروست دەبێت بە تایبەت کاتێک ڕێگاکان دەخنکێن و بۆ ماوەیەک هاتوچۆ نامێنێت، یاخو داواکاری لەسەر بەرهەمەکانی بازاڕ بەرز دەبێتەوە و نرخەکان بەرز دەبنەوە و دانیشتوانی ناوچەکە بە گران لەسەریان ڕادەوەستێ، یاخود کاتێ گەشتیاران دەبنە سەرچاوەی تێکچوونی ژینگەی ناوچەکە و یەکە کارگێریەکان و بەرپرسان فریای ناوچەکە ناکەون، با ڕوونتر باسی زبڵ و پاشماوەی گەشتیاران بکەین.

ئەمڕۆ باسی ناوچە سروشتیە فراوانەکان ناکەین کە هاوڵاتیان بۆ سەیران ڕووی تێدەکەن و چەند کاتژمێرێک دەمێنەوە و کۆمەڵێک پاشماوە جێدەهێڵن، باسی ئەو ناوچانە دەکەین کە گەشتیاران ڕووی تێدەکەن و پرۆژە یان کۆمەڵێک کەپری گەشتیاری لێکراوە و ژمارەیەک هاوڵاتیش لەهەمان شوێن هەلی کاریان بە دەست خستووە و سوودمەندن لە داهاتی گەشتیاران.

سروشتی ناوچەکە بە گشتی و ئاو و ڕووبارەکان بە تایبەتی هۆشیارانە لە لایەن گەشتیاران مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت بۆیە ڕووبارەکان بە تایبەت دەبنە کۆگای پاشماوە و زبڵ و خاشاک، ئاوی سازگاری ڕووبارەکانیش بە تەواوی دەشێوێن، لە ژێر هەندێک دارودرەختیش زبڵ و خاشاک نابەرپرسانە پەرش و بڵاودەکرێنەوە و لەهەموولایەکەوە دەبێنە هەڕەشە بۆ ژینگەیەکی پاک.

بەربڵاوی ئەم دیاردە قێزە وونە تەنیا بە ناوچەی گەشتیاری و پیسکردنی ئاوەکان نەوەستاوە بەڵکو بەشێک لە گەشتیاران بە دەم ڕێگەوە بتڵێی ئاو و پاشماوە فڕێ ئەدەنە سەر ڕێگاکان و کێشە بۆ ڕووبار و زەوی و زاری هاوڵاتیانی ناوچەکە دروست دەکەن و دەبنە مایەی بارقورسی و نیگەرانی بەشێکی زۆری هاوڵاتیانی دانیشتووی ناوچەکە بە تایبەت ئەو دانیشتوانەی کە هیچ سوودمەند نین لە داهاتی گەشتیاری کە دەچێتە ناوچەکە.

ئەم ڕەفتارانە ژینگە پارێزانی بێزار کردووە، هاوڵاتیانی بە گشتی بێزار کردووە، تەنانەت گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بەشێک لە دانیشتوانی ناوچەکە گەشتیار بە پیسکەر و وێرانکەری ژینگە پێناسە بکەن، ئەمەش سەرەتایەکی خەراپە بۆ دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان گەشتیاران و بەشێک لە دانیشتوانی ناوچەکە، بۆیە پێویستە ڕێگەچارەیەک بۆ ڕێگریکردن لەم دیاردە ناشیرینە دابنرێ، بەڵای کەمەوە خاوەن کەپر و پرۆژەکان ڕێگە نەدەن ناوچەکەیان و ئاوی ڕووبارەکان پیس بکرێ، یاخوود کە پیس دەکرێ ئەرک بکێشن و پاکی بکەنەوە. پێویستە یەکە کارگێریەکانی گەشتیاری ناوچەکەش بەدواداچوونی جدیی بۆ بابەتەکە بکەن.

هەموو کۆمپانیایەکی گەشتیاری دەتوانێ لە هەرێمی کوردستان پێشانگە و کۆنفەرانس ساز بکات

بە مەبەستی پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان و سازکردنی زۆرترین چالاکی لە بواری گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان دەستەی گشتی گەشتوگوزار هەل بۆ هەموو کۆمپانیایەک بەبێ جیاوازی دەرەخسێنێ کە دەیەوێت چالاکی جۆراوجۆر بە سپۆنسەری خۆی ساز بکات، بەتایبەت سازدانی (کۆنفرانسی گەشتیاری، پێشانگەی گەشتیاری، فیستیڤاڵی گەشتیاری، کۆنسێرتی هونەری و هەرجۆرێکی تری چالاکی). بۆ ئەم مەبەستە پێویستە کۆمپانیاکە چەند مانگێک پێشتر داواکاری و بەرنامەی چالاکیەکەی پێشکەش بە دەستەی گشتی گەشتوگوزار کردبێت و ڕەزامەندی پێدرابێ بۆ سازدانی چالاکیەکە و دیاریکردنی ڕێکەوتی چالاکیەکە، دەستەی گشتی گەشتوگوزاریش هەماهەنگ و هاوکار دەبێت بۆ کۆمپانیاکە و بۆ چالاکیەکە لە ڕووی کارئاسانی کارگێری و لە ڕووی پاڵپشتی مەعنەوی بۆ سەرخستنی چالاکیەکە.

دەستەی گشتی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان

لە هەندێک ناوچەی کوردستان گەشتیاران دەبنە مایەی نیگەرانی دانیشتووان



نادر روستی

گەشتیاران سەرچاوەی داهات و خۆشین بۆ هەرناوچەیەک کە ڕووی تێبکەن، بۆیە بەردەوام هەوڵدەدرێ کە ژمارەی گەشتیاران زیاد بکرێ، بەڵام کاتێک خزمەتگوزاریەکان هاوتا ناکرێن بە ژمارەی گەشتیاران، کاردانەوەی خراپ بەدوای خۆی دەهێنێت و نیگەرانی لە لایەن دانیشتوان دروست دەبێت بە تایبەت کاتێک ڕێگاکان دەخنکێن و بۆ ماوەیەک هاتوچۆ نامێنێت، یاخو داواکاری لەسەر بەرهەمەکانی بازاڕ بەرز دەبێتەوە و نرخەکان بەرز دەبنەوە و دانیشتوانی ناوچەکە بە گران لەسەریان ڕادەوەستێ، یاخود کاتێ گەشتیاران دەبنە سەرچاوەی تێکچوونی ژینگەی ناوچەکە و یەکە کارگێریەکان و بەرپرسان فریای ناوچەکە ناکەون، با ڕوونتر باسی زبڵ و پاشماوەی گەشتیاران بکەین.

ئەمڕۆ باسی ناوچە سروشتیە فراوانەکان ناکەین کە هاوڵاتیان بۆ سەیران ڕووی تێدەکەن و چەند کاتژمێرێک دەمێنەوە و کۆمەڵێک پاشماوە جێدەهێڵن، باسی ئەو ناوچانە دەکەین کە گەشتیاران ڕووی تێدەکەن و پرۆژە یان کۆمەڵێک کەپری گەشتیاری لێکراوە و ژمارەیەک هاوڵاتیش لەهەمان شوێن هەلی کاریان بە دەست خستووە و سوودمەندن لە داهاتی گەشتیاران.

سروشتی ناوچەکە بە گشتی و ئاو و ڕووبارەکان بە تایبەتی هۆشیارانە لە لایەن گەشتیاران مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت بۆیە ڕووبارەکان بە تایبەت دەبنە کۆگای پاشماوە و زبڵ و خاشاک، ئاوی سازگاری ڕووبارەکانیش بە تەواوی دەشێوێن، لە ژێر هەندێک دارودرەختیش زبڵ و خاشاک نابەرپرسانە پەرش و بڵاودەکرێنەوە و لەهەموولایەکەوە دەبێنە هەڕەشە بۆ ژینگەیەکی پاک.

بەربڵاوی ئەم دیاردە قێزە وونە تەنیا بە ناوچەی گەشتیاری و پیسکردنی ئاوەکان نەوەستاوە بەڵکو بەشێک لە گەشتیاران بە دەم ڕێگەوە بتڵێی ئاو و پاشماوە فڕێ ئەدەنە سەر ڕێگاکان و کێشە بۆ ڕووبار و زەوی و زاری هاوڵاتیانی ناوچەکە دروست دەکەن و دەبنە مایەی بارقورسی و نیگەرانی بەشێکی زۆری هاوڵاتیانی دانیشتووی ناوچەکە بە تایبەت ئەو دانیشتوانەی کە هیچ سوودمەند نین لە داهاتی گەشتیاری کە دەچێتە ناوچەکە.

ئەم ڕەفتارانە ژینگە پارێزانی بێزار کردووە، هاوڵاتیانی بە گشتی بێزار کردووە، تەنانەت گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بەشێک لە دانیشتوانی ناوچەکە گەشتیار بە پیسکەر و وێرانکەری ژینگە پێناسە بکەن، ئەمەش سەرەتایەکی خەراپە بۆ دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان گەشتیاران و بەشێک لە دانیشتوانی ناوچەکە، بۆیە پێویستە ڕێگەچارەیەک بۆ ڕێگریکردن لەم دیاردە ناشیرینە دابنرێ، بەڵای کەمەوە خاوەن کەپر و پرۆژەکان ڕێگە نەدەن ناوچەکەیان و ئاوی ڕووبارەکان پیس بکرێ، یاخوود کە پیس دەکرێ ئەرک بکێشن و پاکی بکەنەوە. پێویستە یەکە کارگێریەکانی گەشتیاری ناوچەکەش بەدواداچوونی جدیی بۆ بابەتەکە بکەن.

لە وڵاتێکی بێ پەپوولە گەورەترین باخچەی پەپوولە بۆ گەشتیاران دروستکراوە



کاتبەسەربردنی بۆ گەشتیار لێدروست کراوە. مۆزەخانەیەکی تایبەت بە پەپولەکانی جیهان هەیە، شوێنی تایبەتی هەیە بۆ کرین و بردنی یادگاری تایبەت بە پەپولەکان.

ڕێنمای تایبەت بۆ چوونە ژوورەوەی گەشتیار هەیە کە نابێت جگەرە بکێشێت، نابێت دەست لە پەپوولەکان بدات، نابێت خواردن بخوات، نابێت رابکات.

ئەگەرگەشتیار ئارەزوو بکات کە بزانێت چۆن پەلولەکان خواردن دەخۆن، یان چۆن ژیان دەست پێدەکات و سووری ژیانیان تەواو دەبێت. ئەوە شوێنی تایبەت هەیە بۆ سەیرکردنیان. دواجار دەڵێین لە وەرزی بەهاردا لە باخچەکان و لە ناو سروشتی کوردستان دەیان جۆر پەلوولە گوزەر دەکات بەڵام هەرگیز بیرمان لەوە نەکردۆتەوە کە لە شوێنێکی تایبەت کۆیان کەینەوە و باخچەیەکی دەستکردیان بۆ دروست بکەین و وڵاتمان پێ جوانتر بکەین.!

بە مەبەستی ڕاکێشانی زۆرترین گەشتیار بۆ دوبەی بەردەوام چالاکی جۆراوجۆری گرنگ بایەخی پێدەدرێت. میوانخانەی نەوازە و سەیر، دورگەی گەشتیاری دارخورما، بەرزترین بورج و گەورەترین باخچەی گوڵ و دواتر گەورەترین باخچەی پەپوولە کەچی پەپولەی لێنیە. باخچەکە لەسەر ڕووبەری 4400مەتر دووجا دروست کراوە کە 26فەسیلەی پەپوولەی لە خۆ گرتووە، لە ژێر نۆ کومبەزەی ڕەنگ جیاواز کە هەر یەکیان گوڵ و درەختی جۆراوجۆری بۆ پەپوولەکان لە خۆگرتووە و پەپوولەکانیش بە پێی گوبەزەکان ڕەنگیان دەگۆڕێت. پەپولەکان لە سەرجەم وڵاتانی جیهان لەم باخچەیە لە ژێر پلەیەکی گەرمای گونجاو کە لە چوار وەرزا 24پلەی سەدیە کۆکراونەتەوە. باخچەکە شوێنی پشودان و

راهێنەر و ناوبژیوان و شەترەنجزانی ئیسپانی لە دیمانەیەکی (خەبات)دا

سۆنیا گیلیز: ئامانجی داهاتووم بەدەستهێنانی نازناوی گراند ماستەرە

دیمانە: هاوار موڕتکەیی

سۆنیا گیل کیلیز Sonia Gil Quilez ئەو خانمە شەترەنجزانەی وڵاتی ئیسپانیایە، کە جگە لەوەی بۆ ماوەی چەندین ساڵ پاریزگاری لە پێشەنگی پاڵەوانێتییەکانی هەرێمەکەیانی کردووە، ئەو هەم راهێنەر و هەم ناوبژیوانی نێودەوڵەتیشە، لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات لە ڕێگای تۆڕی ئینتەرنێتەوە توانی پەیوەندی بەم شەترەنجزانەوە بکات و ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ئەنجام بدات.





دروستبوونی متمانە

سۆنیا کیلیز کە لە ساڵی 1989لە شاری ئەلمانسیا لە ئیسپانیا لەدایک بووە، سەرەتا باس لە چۆنێتی فێربوونی ئەو یارییە دەکات و دەڵێت: کە منداڵ بووم چەندین ڕێگا لەبەردەمدا بوو کە پەیوەستە یەکێکیان هەڵبژێرم، بیرم دێت کە بچووک بووم باوکم فێری شەترەنجی دەکردم، هەربۆیە خۆشەویستی شەترەنج لای من زیاتر بوو لە هەموو وەرزشەکانی تر، هەروەها زۆربەی برادەرەکانیشم ئەو یارییەیان دەکرد بۆیە منیش بەردەوامیی خۆم دا لەسەری تا بووم بە یاریزانێک و متمانەم لا دروست بوو بەشداری لە پاڵەوانێتییەکان بکەم، بۆ ئەمەش خانەوادەکەم زۆر هاوکار و پشتگیریان کردم، دواتر هیدی هیدی چێژم لەو یارییە وەرگرت بەتایبەتیش لەگەشتی دەرەوە کە وایکرد زیاتر شەترەنجم خۆش بوێت.

دەسکەوتەکان

هەوەها سونیای خانم شەترەنجزانی ئیسپانی زیاتر دەڵێت: ئەوکاتەی تەمەنم 8ساڵ بوو بۆ یەکەمجار بەشداری پاڵەوانێتییەکم کرد ئەویش پاڵەوانێتییەکی سەر ئاستی شارەکەم بوو بۆ خوار 10ساڵان، باشترین ئەنجامیشم لە ساڵی 1999پاڵەوانێتی نیشتمانی ئیسپانیا بۆ خوار 10ساڵی بەشداریم کرد و پلەی دووەمم بەدەستهێنا، هەروەها لە پاڵەوانێتی Blitzی ئیسصانس لە ساڵی 2017پلەی دووەمم بەدەستهێنا، هەروەها بۆ ماوەی 8ساڵان لە ناوچەکەی خۆمان پاڵەوانی ئافرەتان بووم، دوا ئەنجامیشم لە ساڵی 2019لە پاڵەوانێتی هەرێمایەتی توانیم نازناوەکە بەدەست بهێنم، ئێستاش هەڵگری بڕوانامەی WFMم جگەلەمەش ناوبژیوانی نیودەولەتی شەترەنجم و لە یەکێتی شەترەنجی نیودەولەتیش ڕاهێنەرم، شانازی بەدەسکەوتەکانمەوە دەکەم، بەڵام ئامانجی داهاتووم بەدەستهێنانی نازناوی WGMی ئافرەتانە.

لە ئارەزووەوە بۆ پیشە

سۆنیای ناوبژیوان و ڕاهێنەر لەبارەی شەترەنجەوە دەڵێت: لە شەترەنج ڕووبەڕووی زۆر شت دەبییەوە گرنگترینیان ئەو دەرفەتەت بۆ دەڕەخسێ کە زۆرترین هاوڕێ دەناسی، زۆرترین شوێن دەبینی کە جێی بایەخن، لە ئێستادا شانازی بەمانەوە دەکەم، هەربۆیەشە زۆرترین کاتەکانم بۆ ئەم وەرزشە تەرخان دەکەم، لەڕاستیدا شەترەنج بوویتە بەشێکی سەرەکی لە ژیانم، زۆر خۆشە ئارەزوویەکەت بکەیتە پیشەی بەردەوامت، ئیستا من وام لێهاتووە.

لیستی باشترینەکان دیاریکرا





یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی (فیفا)، ڕۆژی دوو شەمە لیستی کۆتایی ناوی پاڵێوراوانی بۆ خەلاتەکانی باشترین (THE BEST) بۆ ساڵی 2019ڕاگەیاند.

لیستەکانیش بەم شێوەی لای خوارەوەن:

= باشترین یاریزانی پیاو:

کریستیانۆ ڕۆنالدۆ (یۆڤانتس-پورتوگال)- لیونێل میسی (بەرشلۆنە-ئەرجەنتین)- ڤێرجیل ڤان دایک (لیڤەرپوول-هۆڵەندا).

= باشترین ڕاهێنەری پیاو:

یۆرگن کلۆپ (لیڤەرپوول)- ماوریسیۆ پۆچیتینۆ (تۆتنهام)- پیپ گواردیۆلا (مانچستەر ستی).

= باشترین گۆڵپارێزی پیاو:

ئەلیسۆن بیکەر (لیڤەرپوول-بەرازیل)- ئێدرسۆن (مانچستەر ستی-بەرازیل)- تیر شتیگن (بەرشلۆنە-ئەڵمانیا).

= باشترین یاریزانی ئافرەت:

لوسی برۆنز (لیۆن-ئینگلتەرا)- ئەلیکس مۆرگان (ئۆرلاندۆ برایدە-ئەمریکا)- میگان ڕاپینۆ (سیاتل ڕەین-ئەمریکا).

= باشترین ڕاهێنەری ئافرەت:

جیل ئیلیس (ئەمریکا)- فیل نیڤیل (ئینگلتەرا)- سارینا ویگمان (هۆڵەندا).

= باشترین گۆڵپارێزی ئافرەت:

کریستیان ئیندلەر (پاریس سان جێرمان- چیلی)- هیدێگ لیندال (ڤۆلفسبۆرگ- سوێد)- ساری ڤان ڤینینداڵ (ئەتلەتیکۆمەدرید-هۆڵەندا).

= جوانترین گۆڵ (خەلاتی بۆشکاش):

لیونێل میسی (بەرشلۆنە)- خوان فیرناندۆ کینتیرۆ (ڕیڤەرپلێت)- دانییێل زسوری (دیپریسین).

= خەلاتی فیفا بۆ هاندەران:

سیلفیا جریکۆ، ئەودایکە شەیدایەی تۆپی پێ، کە یارییەکانی تۆپی پێ بۆ کوڕە نابینا ونەخۆشەکەی بە ئۆتیزم شرۆڤە دەکات- جەماوەری هۆڵەندا لە مۆندیالی ئافرەتان- خۆستۆ سانشیز، کە دوای مردنی کوڕەکەی بە ڕووداوێک بووە هاندەری تیپی کوڕەکەی.

ڕەمزی میرەکانی

باس لە نەبوونی هۆڵێکی وەرزشی بۆ یانەی قەڵا دەکرێت

ئایمار دەرگایەکی دیکە دەدۆزێتە بۆ جیهێشتنی پاریس

ئا:سەرهەنگ نەجمەدین

بەمەبەستی بایەخ و گرینگدان بەیانەی وەرزشی قەڵای تورکمانی لەشاری هەولێری پایتەختی کوردستان، بەرواری 2/9/2019لەبارەگای یانەی وەرزشی قەڵای تورکمان ، ڕێکخراوی هاوکاری و هەماهەنگی تورکیا سەردانی یانەی قەڵای تورکمان کرد .

ئەم یەکشەمەیە شاندێک کەپێکهاتبوون لە ئایدن مەعروف وەزیری هەرێمی کوردستان و عوسمان محەمەد نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی هەولێر و جونێد ئەسمەر بەرپرسی ڕێکخراوی هاوکاری و هەماهەنگی تورکیا سەردانی یانەی وەرزشی قەڵای تورکمانیان کرد و لەلایەن سەرۆک و ئەندامان و یاریزانانی یانەکە پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا.

لەدیدارەکەدا چەندین پرسی گرینگ وپەیوەست سەبارەت بەڕەوشی یانەکە باسیان لێوەکرا و لەهەمان کاتدا تیشک خرایە سەر چەند تەوەرێکی گرینگ و پەیوەست بەنەبوونی هولێکی داخراوی وەرزشی سەربەیانەی قەڵای تورکمان بەمەبەستی ئەنجامدانی کاروچالاکییە وەرزشییەکانیان.

هاوکات ئایدن مەعروف وەزیری هەرێمی کوردستان لەلای خۆیەوە بەڵێنی هەموو جۆرە هاوکاریی و پاڵپشتیەکی بۆ یانەکە دەڕبڕی و ناوبراو بەڵێنی دا هەرچی لەتوانایدا بێت بۆ نەهێشتنی گرفت وتەگەرەکانی یانەی قەڵای تورکمان هیچ دریغی نەکات وهەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا دەبن سەرجەم کێشە و گرفتەکانیان بەپێی توانا چارەسەربکەن.

هەروەها لەڕێگەی وەزیری هەرێمی کوردستان ئایدن مەعروف ڕێکخراوێکی هاوکاری وهەماهەنگی تورکی بۆ چارەسەرکردنی کێشە وگرفتەکانی یانەی قەڵای تورکمان لەدیدارەکە ئاماژەبوون و ڕێکخراوی ناوبراو بەڵێنی دا هەموو کێشە و گرفتەکان بەنوسراوی فەرمی بۆ سەرووی خۆیان بەرز بکەنەوە بەمەبەستی چارەسەرکردن و هاوکاریکردنی یانەکە لەزۆر ڕووەوە.

لەلای خۆشیانەوە هەر یەک لە سەرۆک وئەندامان و یاریزانانی یانەی قەڵای تورکمان سوپاس و پێزانینی خۆیان ئاراستەی سەرجەم شاندی میوان کرد و خۆشحالی خۆیان بۆ ئەو سەردانیکردنە دەڕبری و جەختیان لەسەر پێویستی بەردوامبوونی هاوکاری وهەماهەنگی لەنێوان ڕێکخراو و یانەی وەرزشی قەڵای تورکمان لەچوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش کرد.



راپۆرتیکی ئیسپانی پلانیکی نایمار داسیلڤای ئەستێرەی یانەی پاریس سان جێرمانی ئاشکرای کرد بۆ گەڕانەوەی بۆ ڕیزەکانی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی لە هاوینی داهاتوو.

ئەم هاوینە گفتوگۆکانی نیوان بەرشلۆنە و سان جێرمان گەیشتە ڕێگایەکی داخرا و ئەمەش وایکرد نایمار چوونی بۆ کەتالۆنیا بۆ هاوینی داهاتوو دوابخات، بەگوێرەی ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی گرێبەستی نایمار لەگەڵ سان جێرمان هیچ مەرجێکی جەزایی ناگرێتەوە بۆیە ئەو یاریزانە دەیەوێ سوود لە ڕێنماییەکانی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی وەرگرێت کە پەیوەستە بە گواستنەوەی یاریزانان.



ناڤاس چووە سان جێرمان



لەدواساتەکانی دەخستنی دەرگای گەاستنەوە، یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی گرێبەستی لەگەل ناڤاسی تەمەن 32ساڵ گۆڵچی یانەی ریال مەدرید ئەنجامدا و لەولاشەو ئاریولای تەمەن 26 سالانی بەخوازراوی دایە مەدرید. ناڤاس کە بۆ ماوەی 5ساڵ لە ریزی یانەی مەدرید یاری کردووە لەماوەی نیوان 2014-2019و لەو ماوەشدا چەندین نازناوی لەگەڵ میرینگی ئەنجامداوە لەنیویاندا خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بۆ سێ جار و هەروەها نازناوی خولی ئیسپانی.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 4. Sep. 2019 No: (5821)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

چاپکراوی نوێ

دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە میدیا جیهانییەکاندا



کتێبی (دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە میدیا جیهانییەکاندا) بە قەبارەیەکی گەورە و بەرگێکی قەشەنگ و لاپەڕەی ڕەنگاورەنگ، بە 280 لاپەڕە لە ئامادەکردنی ڕەواج حاجی کەوتە بەردیدی خوێنەران، کتێبەکە تایبەتە بەو هەواڵ ڕاپۆرت و دیمانانەی میدیا جیهانییەکان لەبارەی ڕۆڵی دەزگای خێرخوازیی بارزانی کردوویانە، موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی پێشەکییەکی بۆ کتێبەکە بەناوی (خزمەت لە پێناو ئاشتی و پێکەوەژیان) نووسیوە، تیشکی خستۆتە سەر قۆناغێکی سەختی هەرێمی کوردستان، کە چەند شەپۆلێکی ئاوارە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی ڕۆڵێکی گرنگی لەو قۆناغە بینیوە، وێڕای شەڕی داعش کە پێشمەرگە بە خوێنی خۆی بەرگریی لە خاکی کوردستان کرد، لە لایەکی دیکەش ئەو دەزگایە خزمەتێکی زۆری پێشکەش بەو ئاوارانە کرد کە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، ئەمەش بووە جێی سەرنجی ڕێکخراوە جیهانییەکان.

سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە دوا پەرەگرافی پێشەکیی کتێبەکەدا نووسیویەتی:"لاپەڕەکانی دووتوای ئەم پەرتووکە هەموو لایەنێک لەخۆی ناگرێ، زۆر شت هەیە لێرەدا کۆنەکراوەتەوە، بە ئومێدی ئەوەی هەر کەسێک چاوپێکەوتن یان ڕاپۆرتێک یان گرتەیەکی ڤیدیۆی دەست بکەوێ و لێرەدا جێی نەکرابێتەوە، بۆمان ڕەوانە بکات تا سوودی لێ ببینرێ، چونکە گومانی تێدانیە ئەم کارە بەشێکە لە دیکۆمێنتکردنی مێژووی کاری مرۆیی کوردستانیان و بەشێکن لە هەوڵی مرۆیی میللەتێک بۆ ئاشتی و پێکەوەژیان.

ناجی سەلیمی

"مەرگی بڕیار" دەکاتە فیلمێک

خانمە سینەماکار و گۆرانیبێژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناجی سەلیمی، سیناریۆی فیلمێکی ئامادە کردووە دەربارەی ژیانی بڕیار کە بەر لە ماوەیەک بە هۆی نەخۆشییەک کۆچی دوایی کرد.

لەم بارەوە ناجی سەلیمی دەرهێنەر دانیشتووی شاری بۆکان ڕایگەیاند: ئێمەی کورد هەمیشە ژیانمان پڕ بووە لە کارەسات و تراژیدیا کە بە سەدان فیلمیش ناتوانین گوزارشتیان لێ بکەین هەر لە هەڵەبجە و ئەنفالەوە بگرە تا دەگاتە شەڕی نەگریسی تیرۆریستانی داعش و ڕفاندن و کوشتنی هەزاران ئێزیدی، ڕووداوی کۆچی دوایی بڕیاری پەپولە ناخی هەموو کوردێکی هەژاند، ئەم ڕووداوە زۆر کاریگەریی هەبوو لەسەر من وەک سینەماکار، بۆیە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سیناریۆیەکم ئامادە کردووە دەربارەی ژیانی بڕیار و باوکی، چونکە کارەساتێکە خۆشەویستی نیشتمان و باوک لەو کارەساتە بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە.


سەبارەت بە دەستپێکردنی کاری فیلمەکە ناجی سەلیمی کە یەکەم سینەماکاری کوردە بیری لە بەرهەمهێنانی ئەم فیلمە کردۆتەوە وتی: بە نیازم لە چەند ڕۆژی داهاتوودا سەردانی کوردستان بکەم و لە نزیکەوە چاوم بە کەسوکاری بڕیار بکەوێت، چونکە سیناریۆیەکی تۆکمەم ئامادە کردووە، بەڵام پێویستە لە نزیکەوە چاوم بە کەسوکاری بکەوێت بۆ ئەوەی فیلمێک بێت کە جگە لە باس کردنی ژیانی بڕیار و باوکی کە ئەمەش بەشێکی بچووکە لەو کارەساتانەی ڕووبەڕوومان بوونەتەوە.

دەربارەی دوایین کارەکانی خۆیشی ناجی سەلیمی وتی: لە ماوەی ڕابردوودا دوو گۆرانی نوێم تەواو بووە کە بەم نزیکانە بڵاوبان دەکەمەوە، لەلایەکی دیکەوە لەو سەردانەی کە بڕیارە بۆ هەرێمی کوردستان ئەنجامی بدەم سوپرایزێکم ئامادە کردووە بۆ جەماوەر هیوادارم بە دڵیان بێت.



دوو فیلمی دەرهێنەرێکی کورد دەچێتە مەغریب و ئیتاڵیا





سەید فەخرەدین:

بڕیارە لە کۆتایی ئەم مانگەدا، دوو فیلمی ڕهێنەر (سامی کاکە) بەشداری لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی ئیتاڵیا بۆ فیلم و دار بەیزای مەغربی بکات.ئەو دوو بەرهەمەی هونەرمەند لەژێر ناوی (خەرەند، خۆشم دەوێیت هەولێر)ـە، کە توانیوویانە تا ئێستا ببنە خاوەنی چەند خەڵاتێکی جیاواز لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان.(سامی کاکە)ی دەرهێنەر لەو بارەیەوە دەڵێت: جێگەی خۆشحاڵیە کە فیلمی (خەرەند- الهاویە)، لە نێو 1800 فیلمدا دەستنیشان کرا، کە شانبەشانی 100وڵاتی جیاواز لە پێشبڕکێی سەرەکی دابێت بۆ وەرگرتنی خەڵات لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی ئیتاڵیا بۆ فیلم، کە بڕیارە لە 25/9ئەم مانگە لە وڵاتی ئیتاڵیا بەڕێوەبچێت و یەکەم بەرهەمی کوردیشە لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشداری لەو فیستیڤاڵە جیهانیە دەکات، هاوکات لە 26/9دا، فیلمی (الهاویە) و (خۆشمدەوێی هەولێر) لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی (دار البیضاء) لە کازابلانکای وڵاتی مەغریب لە کێبڕکێی سەرەکیدا دەبن و ڕکابەرێکی سەرسەختی فیلمە عەرەبی و جیهانیەکان دەکەن بۆ وەرگرتنی خەڵات لەو فیستیڤاڵەدا، کە ئەمساڵ سێیەمین خوولی خۆی بە میواندارای سەدان فیلمی جیهانی ساز دەکات و متمانەی زۆریشم بە بەرهەمەکانمە کە بتوانن ببنە خاوەنی خەڵات و سەرکەوتن بۆ کورد دەستەبەر بکەم لەو فیستیڤاڵانەدا.لە بارەی ناوەڕۆکی فیلمی (الهاویە)ـەوە دەرهێنەری ناوبراو گوتی: چیرۆکی ئەو فیلمە بەشێوەیەکی ئەنیمەیشن بەرهەم هاتووە و ناوەڕۆکەکەشی باس لە خانەوادەیەکی ئاوارە دەکات، کە بە فرمێسکی گەرمەوە لە جەنگ ڕادەکەن بۆ گەیشتن بە کەناری ئارامی و گیرسانەوە لە وڵاتێکی دوور لە مەترسیەکانی جەنگ و کە دەگەن بەو ئارامیە بە قورگێکی پڕ لە گریان و دیان حەسرەتەوە ئاوڕ لە نیشتمانەکەی خۆیان دەدەنەوە، کە بە نائومێدی جێیان هێشتووە.

وێنەی سێڵفی و کەسایەتی تاکەکان



لێکۆڵینەوەیەک کە لەسەر ژمارەیەک بەکارهێنەری پێگەی ئینستگرام کراوە ئەوەی ئاشکراکردووە، ئەو کەسانەی زۆر وێنەی سێڵفی خۆیان بڵاودەکەنەوە، لەلایەن بەکارهێنەرانی تری پێگەکەوە تیرۆانینێکی نەرێنی لەسەریان دروست دەبێت .

لێکۆڵینەوەکە، کە لە گۆڤاری "ریسێرچ ئین پێرسۆنالیتی" بڵاوکراوەتەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەو کەسانەی وێنەی سێڵفی خۆیان زۆر بڵاودەکەنەوە، هەستێکی وا لای خەڵکی تر دروست دەکەن، کە ئەوان کەمتر کەسانی سەرکەوتوونو کەمتر کەسانی دەمێن و کەمتر تێکەڵی کۆمەڵگە دەبن.پێگەی "ساینس ئەلێرت" لەسەر زاری چیریز باری، زانای دەروونناس لە زانکۆی واشنتۆنەوە دەڵێت: کاتێک ناوەرۆکی پۆستەکە وەک گەشتکردن، یان سەرکەوتنێکە، ئەوە هەست و تێڕوانینێکی نەرینی لەسەر کەسی خاوەن وێنە سێڵفییەکە دروست دەبێت، لەکاتێکدا هەست و تێروانینی ئەرێنیان بەرانبەر ئەو کەسە هەیە، کە وێنەیەک بڵاودەکاتەوە لەلایەن کەسێکی تر.ئەو لێکۆڵینەوەیە جیاوازە لەو لێکۆڵینەوانەی پێشووتر لەسەر بەکارهێنەرانی ئینستگرام کراون، بەجۆرێک لەلێکۆڵینەوەکانی پێشووتردا تەرکیز لەسەر ئەو کەسانە بووە، کە پۆستەکانیان بڵاودەکەنەوە و هەوڵیداوە پەیوەندییەک لەنێوان نەرجسیەت و وێنەی سێلفیدا بدۆزێتەوە، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیەی دوایی لەسەر ئەو بەکارهێنەرانەیە، کە خەڵکی تر حوکمیان لەسەر دەدەن .لێکۆڵەران گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی، کە وێنەگرتن لەڕێگای خەڵکی ترەوە سروشتی ترە و لەوێنەی سێلفی کەمتر خۆنواندنی تێدایە، جگە لەوەی شرۆڤەی تریشیان بۆ وێنەی سێڵفی کردووە.

ئەپڵ ڤێرژنێکی نوێی iOS بەرهەم دەهێنێت



ئەگەر لەو کەسانەی کەبەنیازیت ئایفۆنە نوێیەکە بکڕیت ئەوا شارەزایانی بواری تەکنەلۆژیا ڕێنماییت دەکەن کەپەلە نەکەیت. شارەزایان دەڵێن ئەپڵ بەنیازە سستمی نوێی iOS 12 بەرهەم بهێنێت ئەمەش چەندین نوێکاری لەگەڵ خۆی دەهێنێت و چەندین تایبەتمەندیی هەیە کەوادەکات چیتر پێویستت بەئامێرێکی نوێ نەبێ بەو نرخە زۆرەش.بڕیارە مۆبایلە نوێیەکانی ئەپڵ ، ئایفۆن ئێکس پلەس، و ئێکس ماکس لەمڕۆوە بکەوێتە بازارەوە و دواتریش لە ٢١ی سێپتەمبەردا مۆبایلی ئایفۆن ئێکس ئار بکەوێتە بزارەوە. بەوپێیەش ئەپڵ سستمەکەی نوێ دەکاتەوە تا لەگەڵ ئەو مۆبایلە نوێیانەدا بگونجێت، بۆیە چەندین تایبەتمەندیی بۆ مۆبایلە کۆنەکان زیاد دەبێ لەنێویاندا خێراکردنی ئایفۆن ٦ ئێس بۆ زیاتر لە ٤٠ %و بەو هۆیەوە دەتوانێ ٧٠ %خێراتر عەدەسەی کامێراکەی بکاتەوە، بۆیە شارەزایانی بواری تەکنەلۆژیای مۆبایل دەڵێن پێویست ناکات پارەو تێچوویەکی زیاتر بدەیتە ئەو مۆبایلە مادام تایبەتمەندییەکان بۆ هەموو مۆبایلە کۆنەکان بەردەست دەبێت.